دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

## پەیامی هاوخەمیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی کوردستان

بەداخەوە کارەساتی وەرگەڕانی ماشین، گیانی ژمارەیەکی زۆر لە کوردستانییان، خەڵکی شاری مەریوانی ئەستاند و ئەو شارە و هەموو کوردستانی خەمبار کرد.
خراپیی ڕێگاوبان لە کوردستان و پێڕانەگەیشتنی ڕێژیم بەو کارانە، ساڵانە گیانی زۆر کەس دەستێنێ.
بەبۆنەی ئەم کارەساتەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانییان و خەڵکی شاری خۆشەویستی مەریوان و هەموو کوردستانییان دەکەم و هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوەی بریندارەکانم هەیە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
١١ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی


ژمارە ٨٠٦، دووشەممە ١٥ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٦ی سێپتامبری ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com



کوردایەتی بەرپرسیارەتییەکی عەقڵانی و ئەخلاقی

٤




شار هاواری بێتاوانیی حەیدەر قوربانی دەکات

٦



داعشی خاوەن وڵات و بەڕەسمی ناسراو

٨



دیمانەی کوردستان

١٠

# کابینەی ڕەئیسی و ڕووخانی زووتری پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێژیم



پاش ٩ ڕۆژ لە ڕێوڕەسمی «تەحلیفی»ی ئیبراهیم ڕەئیسی ناوبراو لیستەی وەزیرە پێشنیارییەکانی خۆی ڕادەستی مەجلیسی یازدەیەم کرد.
لیستەیەک کە لەلایەکەوە ئەوپەڕی لاوازی کابینەی نوێی دەوڵەت دەردەخات! و لەلایەکی ترەوە ئیدێعا و بانگەشەی ئیبراهیم ڕەئیسی لەمەڕ پێکهێنانی دەوڵەتی «بانجیناحی» و هەنگاونان بەرەو «وفاق ملی» کردە بلقی سەر ئاو.
کورتەئاوڕێکی خێرا بەسەر ڕابردووی وەزیرە نوێیەکان دەری دەخات کە زۆرینەی ڕەهایان کەسانێکن لە نێو بازنەی بەرتەسکی نیزیکانی عەلی خامنەیی کە لەڕاستیدا پاساوهێنەر، جێبەجێکار، بەڕێوەبەر و چاودێری هەڵوێستەکانی وەلی فەقیە لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازی، فەرهەنگی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دەبن.
ئەوەیکە زۆربەی کارناسان و چاودێرانی کاروباری ئێران لەسەری کۆک و یەکدەنگن ئەو ڕاستییەیە کە ئەم گرووپە کارییە نەتەنیا ناتوانن بەسەر مەزنەقەیرانەکانی بەردەم ڕێژیمدا زاڵ بن بەڵکوو بۆخۆیان دەبنە هۆی گەشەکردنی زیادتری ئەم قەیرانانە بەچەشنێک کە پێشبینی دەکرێت دواجار ببنە هۆی لێکترازانی زیادتری گرێچنی دەسەڵات و لاوازتربوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێژیم؛ هۆکاری ئەم لێکدانەوەش بۆ ئەوە دەگێڕدرێتەوە کە ئەم کابینە بەرهەمی چنینێکی عەقڵانی بەپێی پسپۆڕی تاکەکان نییە بەڵکوو دەرەنجامی هۆکارگەلێکی وەک بەرزبوونەوەی ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە ئاستی نێوخۆیی، پەرەسەندنی زێدەڕۆیی لە نێو دامودەزگا حکومەتییەکان و گوشاری لایەنە نێونەتەوەییەکانە.
دەوڵەتی سێزدەیەم لە کاتێکدا جڵەوی بەڕێوەبەریی ئێران و ڕێژیمی زاڵی وەئەستۆ گرتووە کە ئەم وڵاتە لەگەڵ گەورەترین گرفت و ئاریشەکانی مێژووی هاوچەرخی خۆی بەرەوڕووە؛ قەیرانگەلی هەمەڕەنگ و جۆربەجۆری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، مودیریەتی و ... کە هەر کامەیان کارتێکەرییان لەسەر ئەوی دیکە هەیە و پێکەوە بوونەتە مایەی شکڵگرتنی چەندین مەزنەقەیران، بووەتە هۆکارێکی بەهێز بۆ هێندەی دیکە بێمتمانەیی گشتی لە ئاستی نێوخۆیی بە ڕەئیسی و کابینەکەی.
جیا لە پرسی نەمانی متمانەی گشتی کۆمەڵگای ئێران بە ڕێژیمی زاڵ بەتایبەت پاش ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، یەکێک لە گرینگترین باسەکان کە یەخەی دەوڵەتی سێزدەیەم دادەڕێ ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە تارانە کە تاکوو ئێستە بێوەڵام ماوەتەوە. چەند ڕۆژ پێش «ڕابێرت ماڵی» نوێنەری تایبەتی ئامریکا بۆ کاروباری ئێران وێڕای ئاماژە بەوەیکە ئامریکا لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە هیچ نیشانە و هێمایەکی لەمەڕ دەسپێکردنەوەی وتووێژەکان وەرنەگرتووە ڕایگەیاند: دەوڵەتی بایدن «ناتوانێ هەتاهەتایە چاوەڕوان بێت» تاکوو ئێران بۆ زیندووکردنەوەی بەرجام بگەڕێتەوە سەر مێزی وتووێژ! لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتی نوێی ئیسراییل لە پێوەندی لەگەڵ مەترسیی «ئێرانی کۆماری ئیسلامی» لەسەر هێڵە و وەک سەرۆکوەزیرانی ئەم وڵاتە واتە «نەفتالی بێنێت» ڕۆژی ١٢ی خەرمانان ڕایگەیاند: لە جیاتی شەڕکردن بۆ بەرجام، تەکووزی خستووەتە سەر ستراتیژییەکی بەربەرینی تر دژ بە تاران.
ئەم بارودۆخە، واتە دۆخی شپرێوی نێوخۆیی و دۆخی شپرزەی دەرەکی، پێکەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کابینە لاوازەی کە ڕەئیسی دیاری کردوون کارتێکەرییەکی وەهایان هەیە کە کۆماری ئیسلامی دەخەنە ژێر گوشاری چەندقات بۆیە چاوەڕوان دەکرێ دەوڵەتی ڕەئیسی، دەستی بەتاڵ و کوێرەڕێگەی ستراتیژیک و تاکتیکی خامنەیی زیادتر بۆ خەڵکی ئاسایی بخاتە ڕوو و وەک وترا پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێژیم زووتر لەوەیکە چاوەڕوان دەکرێ بڕووخێنێ.
لێرەدایە کە جارێکی تر ئەو ڕاستییە خۆی دەردەخاتەوە کە پازڵی ڕووخانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە کامڵ نابێت مەگەر ئەوەیکە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو، ئەگەر تەنانەت زۆر بەهێزیش نەبێ، بێتە ئاراوە و بتوانێ متمانەی گشتی هەم لە ئاستی نێوخۆیی وهەم لە ئاستی دەرەکی دروست بکات تاکوو ببێتە ئەڵتێرناتیڤێک بۆ جێگەی بەتاڵی دەسەڵات لەپاش ڕووخانی ڕێژیم.
لە غەیری ئەوە بۆ چەند ساڵی تریش ئەم یەکگرتووییە تەنیا لە ئاستی دەرەکی و لە نێوان هێزە سیاسییەکان ناکرێت بەڵکوو دەبێ لە نێوخۆی ئێرانیشدا، بەتایبەت نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، هەوڵ بۆ دروستکردنی ئەو یەکدەنگی و یەکگوتارییە بدەن تاکوو بتوانن پێکەوە پاڵ بە کۆڵەکە ڕزیو و پەرتووکاوەکانی تارانەوە بنێن و دواڕۆژێکی گەشتر لەوەیکە هەیە بۆ خۆیان و نەسڵەکانی دواتریان بخوڵقێنن.

## پەیڤ

### ژێئۆپۆلیتیکی کۆلۆنیالیزم

کەریم پەرویزی

کاتێ باس لە کۆلۆنیالیزم دەکرێ، لەشکری نیزامیی بریتانیا و فەرانسە و ئیسپانیا دێتە بەرچاو کە بە دەیان هەزار نەفەری، سواری کەشتی دەبن و دوای سەفەرێکی دوور و تێپەڕین لە تۆفان دەگەنە کەنارەکانی ئافریقا و ئامریکا و ئوسترالیا و لە چرکە ساتی دابەزینیاندا سەرەنێزەی سەرچەکەکانیان دەکەن بە ورگی ڕەشوڕووتەکانی خۆجێیی ئەو شوێنانە و وڵاتەکانیان داگیر دەکەن و دەست دەکەن بە بارکردنی زێڕ و ماددە خاوەکانی ئەو ناوچە داگیرکراوانە.
ئەمە کۆلۆنیالیزمێکی ڕووت و ڕاشکاو بوو کە چەند سەدە بەردەوام بوو و دوایە سیماکەی گۆڕا و ئێستە لە ئاستی جیهانیدا بە شێوازی دیکە بەڵام بە بێ سەرەنێزە! جێبەجێ دەکرێ.
جیا لەم حاڵەتە ڕووت و ڕاشکاوە، کۆلۆنیالیزمی دیکە هەیە کە لە نێو یەك سنووری بە ڕواڵەت وڵاتدا بەڕێوە دەچێ. بۆیە دەڵێین بە ڕواڵەت وڵات چوونکە لە ناوهێنانی جوغرافیایەك وەکوو وڵاتدا، ئەوەی دێتە نێو زەینی وشیاری مرۆڤەوە ئەوەیە کە ئەو وڵاتە هەموو دانیشتوانەکەی یەك دەست و یەك ڕەنگن و هەموو بە ماڵی خۆیانی دەزانن. بەڵام هەندێ جوغرافیای وێران و کاول هەن کە بەڵای کۆلۆنیالیزمی فیکری و کەلتووری لێی داون و گەیشتوەتە لووتکەی کۆلۆنیالیزمی نیزامی و ئابووریش کە دانیشتوانی وڵات دابەش دەبن بە سەر دوو دەستەدا: خاوەن ماڵ و ڕەنجەڕۆ!
ئێرانی دوای هاتنی ڕەزاخانی میرپەنج ئەو جوغرافیایە کە پێشتر هەرچەند ئێران نەبوو و مەمالیکی مەحرووسەی پاشا عەیاشەکانی قاجار بوو، بەڵام بە دڕندەیی ڕەزاخان و بە تیۆریی بەناو ڕووناکبیرانی فارسی پشتی سەری ڕەزا، کرا بە ئێرانی یەك زمان و یەك نەتەوە! ئیدی خاوەن ماڵەکان بوون بە ئەوانەی بەو زمانە قسە دەکەن و یان زەمانیان دەگۆڕن بۆ زمانی قەند و عەسەل! یان لە بواری ئابووری و نیزامی و سیاسیەوە بەشداری دەسەڵاتن و لەبەرامبەر ستەمە نەتەوەیی و زمانی و فەرهەنگییەکاندا بێدەنگ دەبن، وەکوو ئەو ئازەرییانەی کە شەریکی دەسەڵات کران یان ژمارەیەکی زۆر کەمی نەتەوەکانی دیکە و ئەم ڕەوتە بە خومەینی و خامنەییشەوە درێژەی پێ درا.

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکرات پەیامێکی سەرەخۆشیی ئاراستەی بنەماڵەی نادر نادرۆف کرد



‹›مستەفا هیجری›› لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی پرۆفسۆر ‹›نادر نادرۆف›› پەیامێکی سەرەخۆشیی ئاراستەی بنەماڵەی ناوبراو کرد.
دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
بنەماڵەی بەڕێزی پرۆفسۆر ‹›نادر نادرۆف››
بەداخێکی گرانەوە هەواڵی کۆچی دوایی ‹›نادر نادرۆف›› بیرمەند و تێکۆشەری خۆشەویست و ناوداری کوردانی دیاسپۆرامان بیست. کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە خەباتکارە نە تەنیا بۆ بنەماڵە و لایەنگرانی، بەڵکوو بۆ هەموو نیشتمانپەروەرانی کوردستان و نەتەوەی کورد خەسارێکی گەورە بوو.
بێ گومان ناو و یادی ‹›نادر نادرۆف›› بە شانازییەوە لە مێژووی کوردستاندا هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە و بە وشەی زێڕین دەنووسرێتەوە.
بەم بۆنەوە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوخەمی و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی نابراو و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیاسپۆڕا دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.
ڕووحی پرۆفسۆر ‹›نادر نادرۆف›› شاد و سەری گەلی کورد و ئۆگرانی ساخ بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی**
**٤ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ساڵوەگەڕی گیانبەختکردنی کاک فواد مستەفا سوڵتانی



کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!
ئازایخوازان و تێکۆشەرانی خەباتکار!
هەر وەک ئاگادارن ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ئەمساڵ ٤٢ ساڵ بە سەر گیانبەختکردنی کاک فواد مستەفا سوڵتانی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و کەسایەتیی شوێندانەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی هاوچەرخی کوردستاندا تێدەپەڕێت کە لە گوندی «بەستام» لە نێوان سەقز و مەریوان پاش شەڕ و بەرەنگاریەکی نابەرانبەر و قارەمانانە لە بەرانبەر هێزە دژی گەلییەکانی سپای داگیرکەر لە کوردستان، گیانی ئازیزی پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ئامانجە مرۆییەکانی شۆڕشی گەلی کورد کرد و لە گوندی «تاڵەسوار»ی مەریوان لەلایەن خەڵکی ئەمەگناسی کوردستانەوە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.
کاک فواد ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە گوندی «ئاڵمانە»ی مەریوان لەدایک بوو. بەشی زۆری خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی خۆی لە شاری سنە تێپەڕاند.
ساڵی ١٣٤٦ لە زانکۆی سەنعەتیی شەریف لە بواری ئەندازیاریی ئێلێکترۆنیک دەستی بە خوێندن کرد و هەر لەو زانکۆیە بڕوانامەی موهەندسیی وەرگرت. ساڵی ١٣٥٣ بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی دژ بە ڕێژیمی شا، لەلایەن ساواکەوە دەسبەسەر کرا و بۆ ماوەی ٤ ساڵ کەوتە زیندان.
کاک فواد، لە ماوەی کورتی ژیان و خەباتی خۆی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بەتاڵانبراوی گەلانی ئێرانیشدا بە باوەڕێکی قووڵ و وزەیەکی شۆڕشگێڕانەی بەرزەوە دەستی کرد بە هەڵسوڕان و چالاکی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک و بە دامەزراندنی یەکیەتیی جووتیاران و کۆمەڵێک هەوڵ و چالاکیی مەدەنی و شۆڕشگێڕانەی وەک ڕێبەریکردن و ڕێکخستنی کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان، ڕۆڵێکی گرینگی لە بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلی کورد لە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخدا گێڕا.
کاک فواد لەو ماوە کورتەدا توانا و لێهاتووییەکی کەموێنەی لە ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە خۆی نیشان دا و توانی خۆی وەکوو یەکێک لە ڕێبەران و کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕانە و مەدەنیی کوردستان لەو سەردەمەدا بناسێنێت کە بۆ نەسڵەکانی دوای خۆیشیان ئیلهامدەر بوون. هەر بۆیە لە سەرەتاوە بۆ دەزگای تێرۆر و کوشتاری ڕێژیم وەکوو ئامانج دەستنیشان کرابوو و هاوشێوەی زۆرێک لە ڕێبەران و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری، گیانی پاکی کرایە قەڵغانی بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان.
لە ڕاستیدا کۆماری کۆنەپەرەستی ئیسلامیی ئێران بۆ زەربەلیدان و سەرکوتی بزووتنەوەی ڕەوای کورد هیچ کات و لە هیچ قۆناغێکدا لە هەوڵەکانی بۆ لاوازکردن و لەنێوبردنی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی پاشگەز نەبووەتەوە و لە ڕێگەی تێرۆر، سێدارە، زیندان و ئەشکەنجە، تۆپباران و مووشەکباران، دانانی بۆمب، هەوڵدان بۆ سووکایەتی و شکاندنی کەسایەتی، بوختان و چەواشەکردن و شەڕی نەرم و میدیایی بەکارهێنانی سیخوڕ و میلیشیا و هێزی نیابەتی هەوڵی بۆ سەرخستنی سیاسەتی دژەمرۆیی خۆی داوە.
گیانبەختکردنی ڕێبەران و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕەوای کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوودا ئەگەرچی خەسارێکە کە قەرەبووکردنەوەی ئاسان نییە، بەڵام هاوکاتیش بەردەوامبوونی ئەو سیاسەتە نیشان دەدات کە سەرەڕای هەوڵ و گوشارەکانی ڕێژیم بۆ پاکتاوکردنی کورد، پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی و سەرکوت و تواندنەوەی بزووتنەوەکەی، بەرەنگاری و بەربەرەکانێ و تێکۆشانی گەلی کورد و ڕێبەرانی، زیندوو، دینامیک و بەردەوام بووە و بە باوەڕ بە ڕاستی و درووستیی ئامانجەکانی، ڕێگای نەپساوەی خۆی دەپێوێت.
گیانبەختکردنی کاک «فواد»یش هەر بەو ڕادەیە کە بۆ خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی ئێران زامێکی جەرگبڕ بوو، بۆ ڕێژیم هەواڵێک بوو کە زۆر تامەزرۆی بیستنی بوو و هەوڵی بۆ دابوو، بەڵام نە شەهیدبوونی کاک فواد و هەزاران تێکۆشەری دیکەی ئەو ڕێبازە و نە هەموو تاوان و کاولکارییەکانی دیکەی ڕێژیم لە کوردستاندا نەیتوانی ئیرادەی بەرخۆدان و ئازادیخوازیی خەڵک لاواز بکات و ئەمڕۆ دەبینین کە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لاوانی کورد بە ئیلهام وەرگرتن لە خەباتی لێبڕاوانەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، بەردەوام هەوڵ بۆ خۆڕێکخستنەوە و تەیارکردنی خۆیان بە چەکی زانست و تێئۆری و ستراتژیی گونجاوی خەبات دەدەن و لە مەیدانی کردەوەشدا پێشەنگی هەموو ئەو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەن کە تەنگیان بە دڕندەترین ڕێژیمی سەردەم هەڵچنیوە و ئاڵای خەباتیان شەکاوە ڕاگرتووە.
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٤٢هەمین ساڵوەگەڕی گیانبەختکردنی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، کاک فواد مستەفا سوڵتانیدا وێڕای مەحکوومکردنی سەرجەم تاوانەکانی ڕێژیمی تیرۆریستی و ئازادیکوژی ئێران، شێلگێرە لەسەر ئەو بڕیارە شۆڕشگێڕانەیە کە ئەگەرچی لە ماوەی هەموو ئەو ساڵانەدا و هەتا ئێستاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر سیاسەتی کاولکاری و ڕەشەکوژی و تێرۆر بەردەوام بووە، بەڵام ڕەوتی شۆڕشی ڕەوای کوردستان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی کاک فواد و هەموو شەهیدانی ئەو ڕێگا پیرۆزە بەردەوام دەبێت و یادیان و وانەکانی خەبات و بەرخۆدانیان دەکاتە هەوێن و چرای ڕێگای تێکۆشانی خۆی و هەموو ئەو ڕۆڵە خەباتکارانەی کە لەو پێناوەدا خەبات دەکەن.

**نەمری و هەرمان بۆ کاک فواد مستەفا سوڵتانی**
**سڵاو بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان**
**سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٨ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٣٠ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی**

# کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan’s Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

بە ئامادەبوونی بەرپرسانی یەکەمی لایەنە سیاسییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری بەڕێوە چوو.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی، کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری بە ئامادەبوونی بەرپرسانی یەکەمی لایەنە سیاسییەکانی ناوەندی هاوکاری بەڕێوە چوو. سەرەتای کۆبوونەوەکە وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لەلایەن بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئامانج لە پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە دەستی پێکرد. پاشان «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاری، تەوەری باسەکانی خستە بەر نەزەری بەشداربووان. دوای تاوتوێکردنی هەر کام لەو بابەتانە، کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردە دیاری کران و ناوەند ئەرکدار کرا بەپێی ئەو بڕیار و ڕاسپاردانە ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت و ڕاپۆرتی کاریی خۆی بە کۆبوونەوەی ناوەند بدات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٢٤ی ئوتی ٢٠٢١ی زایینی**

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانانی بەڕێز
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
هەر وەک لە ڕاگەیەندراوێکی پێشووتردا، لەمەڕ کۆمەڵێک گرووپ و کاناڵی میدیایی و کۆمەڵایەتیدا ڕوونمان کردەوە، کە حیزبی دێموکرات تەنیا بەرامبەر ئەو دامەزراوانە بەرپرسیارە کە بە فەرمی لەلایەن ئۆرگانێکی حیزبەوە بەڕێوە دەچن.
ژمارەیەک لەو گرووپ و کاناڵە بەناو میدیاییانە بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەبەرییەکانی تۆڕە ڕێگەپێدراوەکان و کەڵکاژۆ لە پرستیژی بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان، بە ناوی ڕەنگاڵە و خوازراوی جۆراوجۆرەوە، کوێرانە کەوتوونە وێزەی کۆمەڵگا و بە بڵاوکردنەوەی تۆوی دڕدۆنگی، نیگەرانی و دڵەڕاوکێ، ژارپژێنی کەشی ڕەخساوی تۆڕە ئینتێرنێتییەکان دەکەن. یەکێک لەو گرووپە بەر باسانە لەژێر ناوی «ئاسۆی ڕۆژهەڵات» لەو گۆلەدا مەلە دەکات.
ڕادەگەیەنین کە، هیچ کام لەوانە، لەژێر هیچ ناو و چەتر و پاساوێکدا پەسندی حیزبی دێموکرات و دامەزراوەکانی نین و لە ئەگەری ئاشکرابوونیاندا لەگەڵ تێهەڵکەوتی یاسایی ڕووبەڕوو دەبنەوە و سزای ئەو کردەوانە وەردەگرن کە زیان بە خەباتی جەماوەری و یەکڕیزیی کۆمەڵگا و شکۆی تاکی هاونیشتمانی دەگەیەنێ .
لەپێناو یەکڕیزی و هاوخەباتیدا، سڵاو دەنێرین بۆ تێکۆشەرانی دەروەستی ڕاسانی نوێی ڕۆژهەڵات.

# «پارتی سەوزی کوردستان» لەگەڵ بەرپرسانی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان کۆ بووە




ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٨ی خەرمانان هەیئەتێکی «پارتی سەوزی کوردستان» بە سەرپەرەستیی «هەڤاڵ ملکۆ بازیانی»، سەردانی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان بە سەرپەرەستیی «محەممەدنەزیف قادری» پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا «هەڤاڵ ملکۆ بازیانی» وتی: «ئامانج لە سەردانەکەمان بۆ بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئێمە پێمان وایە حیزبی دێموکرات خاوەنی مێژوویەکی پڕشنگدار و پڕ لە سەروەرییە و ڕێبەرانی ئەم حیزبە ڕەوایی خەبات و ئامانجەکانی گەلی کوردیان بە خوێنی خۆیان نەخشاندووە».

دوای وتەکانی «هەڤاڵ ملکۆ بازیانی»، بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان «محەممەدنەزیف قادری» لەسەر سیاسەتەکانی حیزب، هەڵوێستەکان، ڕوانگەی نەتەوەیی دێموکراتیک و مافخوازانەی حیزبی دێموکرات قسەی کرد و لە قسەکانیدا وتی ئێمە شەرەفمەندین بە هاوخەباتی و هاوکاری لەگەڵ تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان لە هەر چوار بەشی کوردستان.

دوای ئەو ڕا گۆڕینەوەیە لەسەر دۆخی ئێستای کوردستان، هەر دوو لایەن لەسەر پێوەندیی دۆستانەیان جەختیان کردەوە.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کارەساتی گیانلەدەستدانی کۆمەڵێک لە هاووڵاتییانی خەڵکی مەریوان



هاونیشتمانییانی بەڕێز

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەمڕۆ پێنجشەممە ١١ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی، کۆمەڵێک لە هاووڵاتییانی خەڵکی گوندی «پیرسەفای» مەریوان کە بە سواری مینیبووسێک ویستبوویان بچن بۆ زیارەتی مەزارگەی وەیس، لە نزیک گوندی «پاڵنگان» مینیبووسەکە هەڵدەگەڕێتەوە کە تا کاتی گەیشتنی ئەم هەواڵە ١٦ هاووڵاتی گیانیان لەدەست داوە و ٨ کەسیش بە توندی بریندار بوونە.

ئەوە یەکەم جار نیە کە بەهۆی دۆخی نالەباری ڕێگاوبانەکانی کوردستان کە زیاتر بە کارکردی سەربازی و بۆ مەبەستی شەڕ و داگیرکاری دروست کراون و کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ڕێگاوبان، خەڵکی کوردستان قوربانی دەدەن و کۆمەڵێک بنەماڵەی ئەم نیشتمانە زامی لەدەستدانی ئازیزانیان هەڵدەگرن.

بەردەوامبوونی ئەو دۆخە کارەساتبارە یەکێک لە نیشانەکانی بێ بایەخبوونی گیانی تاکی کورد لە ڕوانگەی داگیرکارانەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێرانەوەیە کە ڕێگاکانی کوردستانی بۆ هاووڵاتییان کردووەتە ڕێگای مەرگ و سەفەری بێ گەڕانەوە.

لە ڕاستیدا نەک هەر گیان و ماڵی هاووڵاتییانی کوردستان بەڵکوو ژینگە و سەرچاوەکانی کوردستانیش قوربانیی ئەو تێڕوانینە دوژمنکارانەیەن کە هەر شتێکی پێوەندیدار بە کورد و کوردستان دەکاتە ئامانجێک بۆ تاڵان و قڕکردن و لەنێوبردن.

لە بەرانبەر ئەو هەموو غەدر و دوژمنکارییەدا، کەسانێک کە ڕێژیم هەوڵ دەدات وەکوو زمانحاڵ و نوێنەری خەڵکی کوردستان بیانناسێنێت و بە ناوی کەڵ وەرگرتن لە زەرفیەتەکانی ڕێژیم و وەرگرتنی مافی لانیکەمی، بیروڕای گشتیی خەڵک چەواشە دەکەن و دەیانهەوێ دۆخی داگیرکراویی کوردستان ئاسایی بکەنەوە، نەک هیچ هەڵوێست و ئیقدامێکی جیدییان نەبووە و نییە، بەڵکوو شکستی بانگەشە پووچەڵەکانیان ئەوەی سەلماندووە کە لە بنەڕەتدا ڕێژیم هیچ ئیرادە و زەرفیەتێکی بۆ خزمەت بە خەڵک و خاکی کوردستان تێدا نییە و بگرە ئیرادەی لەنێوبردن و قەڵاچۆکردن، ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمەیە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان وێڕای بەداخبوون لە ڕوودانی ئەو کارەساتە خوێناوییە کە دەرئەنجامێکی سیاسەتی گشتیی ڕێژیمی داگیرکەر لە کوردستاندایە، سەرەخۆشی و هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییان ڕادەگەیەنێت و بۆ بریندارانی ئەو کارەساتە هیوای ساڕێژبوونەوەی زامەکانیان دەخوازێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**١١ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# سپاسنامەی بنەماڵەی پرۆفیسۆر «نادر نادرۆف» بۆ حیزبی دێموکرات

بنەماڵەی کۆچکردوو پرۆفیسۆر «نادر نادرۆف» لە پەیامێکدا بەنیسبەت هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ بنەماڵەی کۆچکردوو، سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکراتیان کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «مستەفا هیجری»


ئێمە لەلایەن کەسوکار و بنەماڵەی کەسایەتیی ئاکادمیک، پرۆفیسۆر نادر نادرۆف ناسراو بە «نادر کەرەمێ حاجی نادر» سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دەکەین کە بە ناردنی پەیام هاوخەمیی خۆتان لەگەڵ ئێمە دەربڕی.

باوکی ئێمە نادر نادرۆف ئەندامێک لە بنەماڵەی کۆچەری دوای سەرهەڵدانی شێخ سەعید بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت بوو.

ئەو هەمیشە خاوەنی هیوا و ئومید و سەرفەرازی بۆ گەلەکەی بوو.

ئێستاش بە سەربڵنیدییەوە درێژە بەو بیرۆکەیە دەدەین.

لێپرسراوی بەڕێز ئێمە بە ئەم نامەیە جارێکی دیکە سپاس و پێزانینی خۆمان لە هەموو خۆشەویستان ئەندام و ڕێبەرایەتیی ئێوە دەکەین و بۆ خەباتی پڕ بایەخی ئێوە هیوای سەرفەرازی دەخوازین.



**بە ناوی بنەماڵەی نادر نادرۆف**
**بارین نادرۆف و نارین نادروف**

# دەورەی ٢٥١ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو

دەورەی ٢٥١ی سەرەتایی پێشمەرگە، لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێهات و جێژنی تایبەت بە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لەو شوێنە بەڕێوە چوو.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» لە چیاکانی کوردستان، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی، دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێهات و پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون.

ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندە نیزامییەکان، کادر و پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو. ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی ‹‹ئەی ڕەقیب›› و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر «عومەر غولامعەلی» جێگری دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی تایبەت بە ڕێوڕەسمی دەورەی ٢٥١ سەرەتایی پێشمەرگەی پێشکەش بە بەشداربووانی جێژنەکە کرد.

«غولامعەلی» لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «هاوڕێیان، ئەمڕۆش ئەژمێری ساتەکان ڕووبەڕێکی نوێ دەخاتە سەر ڕۆژ ژمێری شێلگیریمان لە بەردەوامیی خەبات، لە کۆڵنەدان و مانەوە و گەشەمان، لە پێگەیشتن و سووربوونمان لەسەر دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانمان. ئەو ماف و ئازادییانەی لەم سەردەمە نوێیەی ژیانی سیاسیی گەلەکەماندا پتر لە ٤٢ ساڵە لەلایەن ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و نائەمرۆییەوە، سەدەنێوەڕاست ئاسایی هەوڵ دەدا بە شەڕ و کاولکاری،بە تیرۆر و تۆقاندن و بە زەبر و زەنگ و زیندان، زەوت و پێشێلی بکات و ئەو داگیرکارییە بکاتە ڕاستییەکی سەپاو بەسەر نیشتمان و نەتەوەکەماندا. بەڵام ئەو خەون و خەیاڵە بۆ هیچ داگیر کەرێک نەلواوە».




دواتر سروودێکی شۆڕشگێڕی لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی ئامووزشی دەورەی ٢٥١ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن «شۆڕش نەزەری» مامۆستای فێرگەی پێشکەش کرا. پاشان شێعرێک لەژێر ناوی «پێشمەرگە و گەلاوێژی» لەلایەن بەشداربوونی دەورە «سالار» پێشکەش کرا. پاشان پەیامی دەورەی ٢٥١ی سەرەتایی لە لایەن بەشداربووی دەورە هاوڕێ «سەلاح» خوێندرایەوە.

دواتر سروودێک لە لایەن بەشداربووانی دەورە لە ژێر ناوی سڵاو پێشمەرگەی قارەمان پێشکەش کرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا خەڵات بە سەر بەشداربووانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە کە لە بواری نەزم و دیسیپلین و هەروەها وانەکان، نێونجیی نمرەکانیان بەدەست هێنابوو دابەش کرا.

لە بواری تاقیکاریی سیاسی و نیزامیدا هاوڕێیان «سەلاح مووسەویی قاسملوو، سومەیە کەریمی و شێرکۆ کارساز»خەڵات کران.

خەڵاتەکان لەلایەن «فەتحوڵڵا خوبایی» یەکێک لە فەرماندە نیزامییەکانی هێزی پێشمەرگە پێشکەشیان کرد.

هەر لەو ڕێوڕەسمەدا خەڵات بە سەر بەشداربووانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە کە لە بواری نەزم و دیسیپلین نێونجیی نمرەکانیان بەدەست هێنابوو دابەش کرا. لە بواری نەزم و دیسیپلیندا هاوڕێیان «کەیوان پەیغامی، فەرزین مەعرووفی و بەهمەن شوکری» خەڵات کران. خەڵاتەکان لەلایەن «لوقمان عەبدوڵڵا زادە» یەکێک لە فەرماندە نیزامییەکانی هێزی پێشمەرگە پێشکەشیان کرد.

ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانییەک لەلایەن هاوڕێیان «شێرکۆ و کارۆ» لە بەشداربووانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەوە کۆتایی پێهات.

## درێژەی پەیف

ئەم ڕوومەتە لە ئێران کە بە ڕوونی دەتوانین ناوی کۆلۆنیالیزمی لێ بنێین نزیک بە سەدەیەکە خەریکی دروستکردنین و هەرچی دەگوترێ کە ئەمە کۆلۆنیالیزمە، بەڵام گوتاری شۆڤێنیستیی زاڵ و لقوپۆکانی ڕەدی دەکەنەوە! بەڵام کە ڕۆژنامەیەکی نێو کۆماری ئیسلامی بەشێوەی نەخوازراو لەسەر جوغرافیای ئێرانی وێران، نەخشەی بێبەریبوون لە نێعمەتەکان بڵاو دەکاتەوە، لەوێدا دیارە لە سەر ئەو نەخشەیە، دوو خەتی ڕوون کێشراوە: خەتێك لە ڕۆژاوای باکووری سنوورەکای ئێرانەوە بەرەو سەر خەلیجی خوارووی ئێران، خەتی دیکەش لەو بەری خەزەرەوە بەرەو سەر هەمان خەلیج.

لە نێوان ئەم دوو خەتەدا کە شوێنی نیشتەجێبوونی فارس و تورکی ئازەرییە، ناوچە بەهرەمەندە ئابوورییەکان و دەرەوەی ئەم دووخەتە کە پەراوێزی سنووری و ناوچەی نیشتەجێبوونی کورد و لوڕ و عەرەب و تورکمەن و بەلووچن، دەکەونە خانەی ڕەنجبەران و ڕەنجەڕۆیان!

بە دەیان کاتژمێر و بە ڕۆژانی بەردەوام چاو لەو نەخشە بکەی، دووبارە و دووبارە، هەموو مێژووی سەدساڵەی ڕابردووتا ئێستای تاوانباری و فاشیزم دێتە بەرچاو کە بەزمانێکی ڕوون هاوار دەکا: ئەمە نەخشەیەکی ڕووتی کۆلۆنیالیزمە!

# کوردایەتی بەرپرسیارەتییەکی عەقڵانی و ئەخلاقی

## (خوێندنەوەیەک بۆ چوونە سەر داری پێشەوای کورد و ڕاکردنی سەرکۆماری ئەفغانستان)





شاهۆ حوسێنی

تاک وەک بنەمای سەرەکی و پێکهێنەری کۆمەڵگا گرینگترین دیاردەی کۆمەڵگایە و پێویستە بۆ شرۆڤە و فامی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگا، ئاسۆ و لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەر کۆمەڵگایەک تیشک بخرێتە سەر تاک، هەڵوێست، کردە و دژکردەوەکانی ئەو.

گرینگترین تایبەتمەندی مرۆڤ بە نیسبەت بوونەکانیتر بیرمەندبوونی مرۆڤە کە مەجالی هەڵوێستگرتنی مرۆیی، ئەخلاقی و عەقڵانی بۆ دەڕەخسێنێت.

هەروەها مرۆڤ لەڕێی عەقڵ و بیری دەتوانێ گەڵاڵە و پلانی عەقڵانی بۆ دوارۆژ دابڕێژێت. دیارە هەموو تاک و مرۆڤێک بە پێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بە یەک ڕێژە خاوەنی عەقڵ و هۆشن بەڵام تەنیا لانیکەمی مرۆڤەکانن کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و گونجاو کەڵک لە توانایی عەقڵی خۆیان وەردەگرن و دەتوانن لە مێژووی کۆمەڵگا و نەتەوەکەیاندا وەک ئەستێرەیەک بدرەوشێنەوە و ببنە هەڵکەوتەیەک.

یەکێک لە کارتێکەرترین دیاردەکان لە ڕەوتی دەرکەوتنی کردەوەی کۆک و گونجاو لەگەڵ کات و شوێن لەلایەن مرۆڤ و تاک لە کۆمەڵگادا بەهۆی کەڵکی گونجاو و ڕێک وەرگرتن لە تایبەتمەندی عەقڵی و هزری، ڕێژەی سەرکەوتوویی هەر کۆمەڵگایەکە لە کۆمەڵ گر کردنی تاک لەنێو بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و کلتووری کۆمەڵگایە. لەڕاستیدا مرۆڤ لە ڕەوتی کۆمەڵ گربووندایە کە بەها، نۆرم و عورفەکانی نێو کۆمەڵگا فێر دەبن و ئامادە دەکرێن تا لەنێو کۆمەڵگادا دەور و نەخش وەربگرن و بە درووستی و بەشێوەیەکی گونجاو دەور و نەخش بگێڕن، تووشی لاڕێیی و لادان نەبن و کردە و دژکردەوەکانیان کۆک بێت لەگەڵ کلتوور و بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان.

سەرکەوتنی ڕەوتی کۆمەڵ گر کردن و بە کۆمەڵایەتی کردنی تاک لە هەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەستە بە چەند هۆکاری گرینگ، یەکەم ئەوەیکە هەر کۆمەڵگایەک یاسای کۆمەڵایەتی و نیزاماتێکی مرۆییتری بەرهەم هێنابێت کە لەگەڵ خواست و سرووشتی تاکەکانی گونجاوتر بێت ئەوا بێ گومان ڕەوتی کۆمەڵ گر کردن و بە کۆمەڵایەتی کردن سەرکەوتووتر دەبێت. دووهەم ئەوەیکە بە هەر ڕێژەیەک کارامەیی بتوانن لەنێو تاکەکاندا پەرە پێ بدەن ئەوا دەتوانن سەرکەوتووتر بن. لقێک و بەشێکی گرینگی کۆمەڵ گر کردن و بە کۆمەڵایەتی کردنی تاکەکان، کۆمەڵ گر کردنی سیاسییە.

کۆمەڵگا لەڕێگەی کۆمەڵ گرکردنی سیاسی، تاکەکانی نێو کۆمەڵگا لەگەڵ سیستم، پێکهاتەی ڕواڵەتی، زەینی سیاسی، بەها و نۆرمە سیاسییەکانی کۆمەڵگا ئاشنا دەکات. لەڕاستیدا لەڕێی ئەم ڕەوتەوە تاکەکان ئامادەی دەورگێڕانی سیاسی لە کۆمەڵگا دەبن و دەچنە خزمەت بەرژەوەندییەکانی سیاسی کۆمەڵگا و بۆ دەستەبەرکردنی ئەو خواستانە دەور دەگێڕن و ئەرک و بەرپرسیارێتی وەئەستۆ دەگرن.

دیارە ئەو ئەرکە بەنیسبەت دۆخی هەر کۆمەڵگایەکی جیاوازە، لە کۆمەڵگا سەربەخۆ و ئازادەکادا بەشداری لە هەڵبژاردن، بەرپرسیارێتی لەمەر ڕەوتی دێموکراسی کۆمەڵگا و چارەنووسی سیاسی بەگشتی بەشێکن لە پرۆسەی کۆمەڵ گر کردنی سیاسی و لە کۆمەڵگا داگیرکراوەکان و یەک لەوان کوردستاندا خەبات بۆ ئازادی، دەستەبەرکردنی ماف و خواستی نەتەوەیی بەشێکی گرینگی کۆمەڵ گر کردنی سیاسین. نەتەوەخوازی بەمانای هەستی بەرپرسیارێتی لەمەڕ چارەنووسی سیاسی و نەتەوەیی کۆمەڵگا، هاوپێوەندی لەگەڵ وێنایەکی مێژوویی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا، کۆک بوون و قبوڵی بەها، نۆرم و عورفە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ تاکەکانیتری نێو کۆمەڵگا، بەشێک لە پرۆسەی کۆمەڵ گر کردنی سیاسییە، لەم ڕەوتەدا مرۆڤەکان هەم لەگەڵ شوناس، فۆرم و دیاردەی نەتەوەخوازی ئاشنا دەکرێن و هەمیش ئامادەی دەورگێڕان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەیی، پاراستنی ئەوان و پەرەی ئەوان دەکرێت.

بە حوکمی ئەوەیکە نەتەوەخوازی گرینگترین ڕایەڵی لێکگرێدەرەوەی تاکەکانە لەنێو کۆمەڵگادا کە بان خواستە تاکییەکان، چینایەتییەکان و عەشیرەییەکانە، ئاوێتەی حەماسەت و قارەمانێتییە و مرۆڤەکان و تاکەکان لەنێو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا لەم پێنێوەدا گیانبازی و فیداکاری کەموێنە و بێوێنەیان خوڵقاندووە.

کوردایەتی ڕەهەندی ئایدیایی، گوتاری و هزری کوردبوون و هەستی پێوەندی بە کۆگشتییەک بەها، نۆرم، کلتوور و شوناسێکی هاوبەش لەگەڵ تاکەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانە کە لەلایەک بە مەبەستی دارشتنی بەستێنێکی زەینی و سنوورێکی زەینی بۆ دەرکەوتنی جیاواز لەگەڵ ئەویتری فارس، تورک و عەرەب و هەروەها جیاواز خۆپێناسەکردن و شوناسبەخشی بە «خود» و لەلایەکیتر بنیادنانی دەسەڵاتێکی ڕواڵەتی کوردی و سەرەوەری حکوومی، سیاسی و نەتەوەیی لە بەرامبەر نەتەوە زاڵەکانی فارس، تورک و عەرەب بەرهەم هاتووە. لەم ڕەوتەدا تاکی کورد فێر دەبێت کە لە دەلاقەی زەینێکی لۆکاڵی و جیاواز لەگەڵ زەینی ئەویتر تیشک بخاتە سەر خۆی، ئەویتر و جیهان و لە دەلاقەیەکی کوردانەڕا خوێندنەوە بۆ خۆی و جیهانی دەرەوەی خۆی بکات، واتە کوردایەتی هەوڵێکی ئایدیاییە کە کورد تێدەکۆشێت لەڕێگای ئەو و لە کاناڵی ئەوڕا سوبژەیەک لە کورد دەربکەوێت.

کوردایەتی بە هۆی ئەوەکە هەوڵێکی زەینی و هزرییە و بەرهەمی کۆششێکی عەقڵانی و هزری مرۆڤێکە کە بەشێوەیەکی لۆژیکی هەوڵی خۆدەرخستن دەدات، خەباتێکی عەقڵانییە و بە حوکمی ئەوەیکە هەوڵی سڕینەوەی پاوانخوازێتی، ئیستبداد و دیکتاتۆڕییەتی ئەویتری فارس، تورک و عەرەب دەدا ئەخلاقییە.

بیرمەندان لەسەر ئەو باوەڕن کە پاوانخوازێتی، دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بە حوکمی ئەوەیکە بەرهەمهێنی فەساد، گەندەڵی و پاشکەوتووییە کەوابێ دژەئەخلاق و غەیرە ئەخلاقییە و لەبەرامبەردا ئازادی و دێموکراسی بە حوکمی ئەوەیکە پشکوێنەری کارامەیی و توانایییەکانی تاکە، پارێزەری ئازادی و کەرامەتی تاکە و پاڵنەری پەرەی تاکە کەوابێ ئەخلاقییە. دەسەڵاتی فارس، تورک و عەرەب بەهۆی ئەوەیکە بەرهەمی ڕەوتێکی ئایدیایی و زەینی پاوانخوازانە بووە کەوابێ دژە ئەخلاقی بووە، لەبەرامبەردا کوردایەتی بە هۆی ئەوەیکە هەوڵی بنیادنانی ئازادی، پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، پلۆرالیزم، دێمۆکراسی و فرەیی دەدا، کەوابێ ئایدیا و ئەندێشەیەکی ئەخلاقییە. کاتێک تاک لەسەر ئەساسی وەها ئایدیا، کلتوور، بەها و نۆرمێکی سیاسی پەروەردە دەبێت، ئاساییە کە گیان فیداکردن و چوونە سەر دار وەک بەشێکی حەماسی لە کلتوور و بەها سیاسییەکانی کۆمەڵگا بەهەموو شێوەیەک دەپارێزێت.

پێشەوا قازی محەممەد وەک قوتابی ئایدیا و ئەندێشەی کوردایەتی کە هەم عەقڵانی و هەم ئەخلاقییە، وەک سەرکۆمارێکی کورد ئەوەندە باوەڕ و متمانەی بە بەها، نۆرم و کلتووری سیاسی کۆمەڵگاکەی هەبوو و ئەوانە ئەوەندە بە نزیک لەخۆی و زایەڵی خواست و ویستەکانی خۆی دەدیت کە حازر بوو بۆ ئەوان بچێتە سەر دار. خوێندنەوەی دێڕەکانی وەسییەتی پێشەوا قازی محەممەد دەرخەری ڕێژەی قوڵبوونی باوەڕ، متمانە و ئیمانی ئەو بە حەق سەرکۆمارەیە بە کوردایەتی، ڕەوایی کوردایەتی و گشتگیربوونی کوردایەتی وەک ئایدەیەکی عەقڵانی و ئەخلاقی.

لەبەرامبەردا ئەشرەف غەنی وەک سەرکۆماری هەڵاتووی ئەفغانستان کە ڕێک لە کاتی تەنگانەدا و لە گرێ کوێرەکانی مێژوویدا گەلەکەی بەجێ هێشت ڕاوەستاوە، ئەو بەهیچ شێوەیەک بەرهەمی ئایدە و ئەندێشەیەکی عەقڵانی و ئەخلاقی نەبوو، ئەو تاکێکی دەسەڵاتخواز و کوورسی پەرەست بوو کە ڕێک ئەو کاتەی کورسییەکەی کەوتە مەترسییەوە ڕای کرد.

ئەو بەرهەمی نۆرم، بەها و کلتوورێکی عەقڵانی و ئەخلاقی سیاسی نێو کۆمەڵگاکەی نەبوو، بەپێچەوانەوە، پێشەوای شەهید کە تا دواهەناسە لەنێو نەتەوەکەیدا مایەوە. چوونە سەر داری شەهید قازی محەممەد وەک کردەی تاکێکی بەرپرس و بە پرەنسیپ، ئەخلاقی لە کوردایەتیدا گەیاندە لووتکە و کوردایەتی پاک و بەدوور گرت لە کورسی پەرەستی و دونیاخوازی.

**لە کۆمەڵگا سەربەخۆ و ئازادەکادا بەشداری لە هەڵبژاردن، بەرپرسیارێتی لەمەر ڕەوتی دێموکراسی کۆمەڵگا و چارەنووسی سیاسی بەگشتی بەشێکن لە پرۆسەی کۆمەڵگر کردنی سیاسی و لە کۆمەڵگا داگیرکراوەکان و یەک لەوان کوردستاندا خەبات بۆ ئازادی، دەستەبەرکردنی ماف و خواستی نەتەوەیی بەشێکی گرینگی کۆمەڵگر کردنی سیاسین**

**بە حوکمی ئەوەیکە نەتەوەخوازی گرینگترین ڕایەڵی لێکگرێدەرەوەی تاکەکانە لەنێو کۆمەڵگادا کە بان خواستە تاکییەکان، چینایەتییەکان و عەشیرەییەکانە، ئاوێتەی حەماسەت و قارەمانێتییە و مرۆڤەکان و تاکەکان لەنێو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا لەم پێنێوەدا گیانبازی و فیداکاری کەموێنە و بێوینەیان خوڵقاندووە**

**کوردایەتی بە هۆی ئەوەکە هەوڵێکی زەینی و هزرییە و بەرهەمی کۆششێکی عەقڵانی و هزری مرۆڤێکە کە بەشێوەیەکی لۆژیکی هەوڵی خۆدەرخستن دەدات، خەباتێکی عەقڵانییە و بە حوکمی ئەوەیکە هەوڵی سڕینەوەی پاوانخوازێتی، ئیستبداد و دیکتاتۆڕییەتی ئەویتری فارس، تورک و عەرەب دەدا ئەخلاقییە**

**چوونە سەر داری شەهید قازی محەممەد وەک کردەی تاکێکی بەرپرس و بە پڕەنسیپ، ئەخلاقی لە کوردایەتیدا گەیاندە لووتکە و کوردایەتی پاک و بەدوور گرت لە کورسی پەرەستی و دونیاخوازی**

# بارودۆخێکی ناکارا و کابینەیەکی ناکاراتر



**شەماڵ تەرغیبی**

ئابووریی ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە پێشوو تووشی گرفت و قەیران بووەتەوە و کەم ڕۆژ هەیە کە ناوەندێکی خاوەن سەڵاحیەت (چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی نێونەتەوەیی) باس لەوە نەکات کە بەهۆی سیاسەتە هەڵە ئابوورییەکانی ڕێژیمەوە، قەیرانەکان لە حاڵەتی ئاسایی و بچووکی خۆیان گەورەتر دەبنەوە و دەبنە مەزنەقەیران! ناوەندی ئاماریی ڕێژیم لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا دەریخستووە کە کەلێنی چینایەتی و داهات و هەروەها نایەکسانی لە نێو کۆمەڵگای ئێران بەربڵاوتر بووەتەوە و زەریبی جینی زیادی کردووە. بەپێی ئەم ئامارە لە ساڵی ٩٩دا زەریبی جینی خانەوارەکانی ئێران گەیشتووەتە ٠,٤٠٠٦ کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتر ٠,٠٠١٤ زیادبوونەوەی بەخۆوە بینیوە. (هەرچەند ناوەندی ئاماری ڕێژیم ناوەندێکی سەربەخۆ نییە و بەو پێیەش داتا و زانیارییەکان زۆر جێگای متمانەپێکردن نین بەڵام هەر ئەو ئامارە بە پێوەر دەگرین) چوونەسەری زەریبی جینی وەک پێوەری نایەکسانی دەری دەخات کە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا (وەک نموونەی زەمەنی) کە زیاتر لەخۆگری کۆمەڵێک درووشمی ئابووری بووە، لە کردەوەدا هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکی ئاسایی نەبووە و بەپێچەوانەوە بووەتە هۆکاری دەوڵەمەندتربوونەوەی چینی پڕداهات و لە هەمان کاتدا هەژارتربوونەوەی چینی کەمداهات و هەروەها لاوازبوونەوەی پشکی دێهەکەکانی مامناوەندیی کۆمەڵگا. لەم نێوانەدا دیسانەوە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ناوەند خۆی دەنوێنێ و ئەو هەرێم و ناوچانەی کە ئێتنیک و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی تێدا دەژی زۆرترین زیانەکانیان وەبەر کەوتووە؛ بۆ نموونە بەپێی ئاماری ئاماژەبۆکراو زەریبی جینی لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان لە ساڵی ٩٩دا گەیشتووەتە ٠,٤٥٧٠ کە زۆرترین ڕێژە لە نێو هەموو پارێزگاکانی ئێرانە و زۆر زیادتر لە زەریبی جینی خانەوارەکانی ئێران بەگشتییە! بەواتایەکی تر ئەم پێوەرە دەری دەخات کە کەلێنی داهات و کەلێنی چینایەتی لە بەلوچستان زۆرتر لە هەموو پارێزگاکانی تری ئێرانە. هەر لەمبارەوە ڕۆژنامەی «همشهری» نووسیویەتی: ڕەوتی ٢٠ ساڵەی زەریبی جینی وەکوو پێوەری دابەشکردنی داهات لە ئێران دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سیاسەتی دەوڵەتەکان لانیکەم لە ساڵی ١٣٨٠وە تا کۆتایی ساڵی ٩٩ نەیتوانیوە بەشێوەی گشتی و سەقامگرتوو کەلێنی چینایەتی لە ئێراندا کەم بکاتەوە بەچەشنێک کە بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئامار پێوەری دابەشکردنی داهات لە کۆتایی ساڵی ٩٩ گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی! جیا لە پێوەری زەریبی جینی، ناوەندی ئامار نرخی هەڵاوسانی مادده خۆراکییەکانی لە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ ٢٥٥٪ ڕاگەیاندووە؛ هاوکات سەرۆکی یەکیەتیی کۆفرۆشانی (عمدەفروشان) ئێران ڕایگەیاندووە خەڵک بەهۆی گرانییەوە توانایی کڕین و دابینکردنی پێداویستییە ڕۆژانەکانیان بەڕێژەی ٣٥٪ کەمی کردووە! کەچی ئیبراهیم ڕەئیسی سەرکۆماری نوێی ڕێژیم لە لێدوانێکی سەیری تەلەفزیۆنیدا و بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوییەوە ڕایگەیاند: «دۆخی پێداویستییە ئەساسییەکان لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵات جێگەی نیگەرانی بوون بەڵام لە چەند حەوتووی ڕابردوودا و بەهۆی ئەو هەنگاوانەی کە تیمی ئابووریی ئێمە (دەوڵەتی سێزدەیەم) هەڵیگرتووەتەوە کێشەکان چارەسەر کراون و هەنوکە «ڕۆچنەکانی هیوا» بۆ گەیشتن بە سەقامگرتوویی ئابووری هاتوونەتە دی!!!»

«درۆ و دەلەسە» لە مێژووی پڕ لە چەواشەی کۆماری ئیسلامی پرسێکی نوێ نییە و هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمەوە ئەمە بووەتە بناغەیەک بۆ خۆدەربازکردن لە گرفتەکان و هەوڵێک بووە بۆ دامرکاندنەوەی (هەرچەند ڕێژەیی و کاتیش بووبێ) ناڕەزایەتی و ئاڵۆزییەکان. ئاوڕدانەوەیەک بەم مێژووە ئەو ڕاستییەمان زیادتر بۆ دەردەخات؛ وادە و بەڵێنییەکانی خومەینی لەمەڕ بە بەلاشکردنی ئاو و بەرق و ئوتوبووس، بەڵێنییەکانی ڕەفسەنجانی لەمەڕ ئاوەدانکردنەوەی وڵات (کە دواتر نازناوی سردار سازندگی بۆ دانرا)، بەڵێنییەکانی خاتەمی لەمەڕ کردنەوەی دەرگا داخراوەکان بەڕووی سەرمایەدانەرە بیانییەکان بۆ بەهێزکردنی کەرتی ئابووری و سیاسی (ناسراو بە گفتگوی تمدن‌ها)، وادە یەک لەدوای یەکەکانی ئەحمەدی‌نژاد لەمەڕ بنبڕکردنی هەژاری و بێکاری و بە خاوەن خانووکردنی هاووڵاتییان (طرح مسکن مهر)، بەڵێنییە دووپاتە و چەندپاتەکانی ڕوحانی کە دەیگوت بە پلانەکانمان هیوا و ئومید دەگێڕینەوە (کلید بنفش)؛ هەموو ئەمانە و زیادتر لەوانیش کە لەم وتارەدا دەرەتانی ئاماژەپێکردنیان نییە تەنیا بەشێکن لەو درۆ و دەلەسە زنجیروارانەی کە سەرانی کۆماری ئیسلامی بە خەڵکیان داوە و دەیدەن.

بەکورتی و بەپوختی دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی لەگەڵ چەندین پرس و پرسیاری سەرەکی و بناغەیی بەرەوڕووە کە ڕەنگە زۆربەیان بێوڵام بمێننەوە؛ لەوانەش: گرفت و قەیرانە ئابووری و مەعیشەتییەکان، بێکاری، هەژاری، گرانی، گەندەڵیی گشتگیر، ناکارامەیی لە بەڕێوەبەری، گرفتەکانی سیاسەتی دەرەکی، قەیرانی ژینگە، قەیرانە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، نەمانی ڕەوایی و متمانەی گشتی چۆن و بۆچی و لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟ کام هۆکارگەلی پێکهاتەیی، نێوخۆیی یان دەرەکی ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە هاتنەئارایان؟ ڕێکارەکان یان ئامراز و کەرەستەکان بۆ چارەسەرکردن و بنبڕکردنی ئەم گرفتانە کامانەن؟ ئایا ئەم کەرەستانە بەپێی دۆکتۆرینی ویلایەتی فەقیهی ئیمکانی بەکردەیی کردنیان هەیە؟ جیا لەوانە کام هێزی کارامە و لێزان و پسپۆڕ بڕیارە کار بۆ چارەسەری ئەم گرفتانە بکات؟ ئایا لە نێو دەوڵەتی سێزدەیەمدا کەسانی لەو چەشنە دەدۆزرێتەوە کە بتوانن قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵن؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکەی لەو چەشنە وەک ئاماژەی پێکرا تەنیا بەشێکن لەو پرسگەلانەی کە دەوڵەتی ڕەئیسی دەبێ لە بەرامبەریاندا وڵامدەر بێت کە ڕەنگە شیکردنەوەی هەر کامەیان هەڵگری دەیان وتار و نووسراوەی زانستی بێت بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی ئاماژە بە چەند خاڵێکی بنەڕەتی بکەین: ئیبراهیم ڕەئیسی ئەو جۆرەی کە لە پڕوپاگەندای پێش لە بەناو هەڵبژاردنەکانی جۆزەردان و پاش ویش نیشانی داوە نە ڕواڵەتێکی کاریزماتیکی هەیە نە سیاسەتوانێکی زیرەک و لێزان و متمانەپێکراو و کارزانە کە بتوانێ دوور بنواڕێ و پلان دابڕێژێ. تەنیا تایبەتمەندییەک کە ئەو هەیەتی ڕەنگە « توانەوەی بەتەواوی مانای لە نێو ویلایەتدا» بێت کە وای کردووە سیستم (دەزگای ویلایەت) بە هەموو نرخێک «متمانە»ی پێ بکات. هەر لەسەر هەمان ڕێچکەش تەواوی ئەو کەسانەی کە ناوبراو وەک کابینەی دەوڵەتەکەی بە مەجلیسی ناساندووە و تەئید کراون خاوەن هەمان تایبەتمەندین و بێ هیچ دوودڵییەک دەکرێ بڵێین دەوڵەتی ڕەئیسی دەوڵەتێکە بە قەدەر توانای بەڕێوەبەریی خۆی و هیچی تر. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە دەریدەخات ڕەئیسی ناتوانێ یان باشترە بڵێین نایهەوێ چاکسازی بکات و تەواوی ئەو قسانەی کە کردوویەتی تەنیا درۆن درک کردن بەو ڕاستییەیە کە لە کارنامەی زیادتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیدا تا ئێستە نەبیندراوە کە نیهادێکی بێلایەن بتوانێ لە سەرووی یاسا نووسراو و نەنووسراوەکاندا بڕیار لەسەر کەسانی خەتاکار بدات و گەندەڵکاران سزا بدرێن؛ بەپێچەوانەوە ئەو نیهادەی کە بەناو دەبێ سەرقاڵی دابینکردنی داد و دادپەروەری بێت لەژێر چاودێری و بەڕێوەبەریی کەسانێکی وەک ئیبراهیم ڕەئیسی خۆیان دەبنە دادوەر بۆ پەروەندەکانیان و نمرەی قبوڵیش بە خۆیان دەدەن و زۆر ڕازیش دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و خەڵکیشی پێ فریو دەدەن کەواتە لەم سۆنگەشەوە ناکرێ هیچ گەشبینییەک ساز ببێت کە داهاتوو بۆ ستەملێکراوانە! وەک دواقسەش تەنیا ئەوەندە بەسە کە بڵێین ئەگەر بڕیار بوایە ئاڵوگۆڕێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێتە دی و وەک دەڵێن «موعجیزەیەک» بهاتایەتە کایەوە لە چل و چەند ساڵی ڕابردوودا دەبیندرا! بەڵام ئەوەیکە دیارە ئەو کەتوارەیە کە هەنووکە بارودۆخێکی ناکارا بەسەر وڵاتدا زاڵە و لەوەش خراپتر دەوڵەتێکی ناکارا جڵەوی کاروانی بەڕێوەبەریی ئەم وڵاتەی بە دەستەوە گرتووە.

**ئیبراهیم ڕەئیسی ئەو جۆرەی کە لە پڕوپاگەندای پێش لە بەناو هەڵبژاردنەکانی جۆزەردان و پاش ویش نیشانی داوە نە ڕواڵەتێکی کاریزماتیکی هەیە نە سیاسەتوانێکی زیرەک و لێزان و متمانەپێکراو و کارزانە کە بتوانێ دوور بنواڕێ و پلان دابڕێژێ. تەنیا تایبەتمەندییەک کە ئەو هەیەتی ڕەنگە « توانەوەی بەتەواوی مانای لە نێو ویلایەتدا» بێت کە وای کردووە سیستم (دەزگای ویلایەت) بە هەموو نرخێک «متمانە»ی پێ بکات**

**یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە دەریدەخات ڕەئیسی ناتوانێ یان باشترە بڵێین نایهەوێ چاکسازی بکات و تەواوی ئەو قسانەی کە کردوویەتی تەنیا درۆن درک کردن بەو ڕاستییەیە کە لە کارنامەی زیادتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیدا تا ئێستە نەبیندراوە کە نیهادێکی بێلایەن بتوانێ لە سەرووی یاسا نووسراو و نەنووسراوەکاندا**

**ئەگەر بڕیار بوایە ئاڵوگۆڕێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێتە دی و وەک دەڵێن «موعجیزەیەک» بهاتایەتە کایەوە لە چل و چەند ساڵی ڕابردوودا دەبیندرا! بەڵام ئەوەیکە دیارە ئەو کەتوارەیە کە هەنووکە بارودۆخێکی ناکارا بەسەر وڵاتدا زاڵە و لەوەش خراپتر دەوڵەتێکی ناکارا جڵەوی کاروانی بەڕێوەبەریی ئەم وڵاتەی بە دەستەوە گرتووە**

# شار هاواری بێتاوانیی حەیدەر قوربانی دەکات



**زاگرۆس**

سەربەخۆیی دەزگای داد و خەڵکی بوون و لە پێناو خەڵکدا بوونی دەزگا هەواڵگرییەکان لە هەر وڵاتێکدا دوو پێوەرن بۆ ئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا هەست بە تەناهی بکەن و لە باری دەروونی و کردەییەوە باوەڕ بکەن کە مافیان پێشێل ناکرێت و دادپەروەری لە باری یاساییەوە لە کۆمەڵگادا ڕەچاو دەکرێت.

یەکێک لە پێوەرەکانی سەرکەوتوویی دەزگا هەواڵگرییەکان لە پاراستنی ئەندامانی نەتەوە یان لایەن یان شوێنێکدا ڕادەی هاوکاری خەڵکی ئاسایی و خۆشەویستی و بڕواپێکراوییانە لەلایەن خەڵکەوە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتوویی ئەم دەزگا هەواڵگرییانە چونکە خەڵک بە بەشێکی پێویست بۆ دابینبوونی تەناهی و پاراستنی خۆیانیان دەزانن بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا کێ هەیە نەزانێت کە خەڵک، دەزگا هەواڵگرییەکان بە تاوانبارترین و دزێوترین و ترسناکترین دامودەزگاکانی دەسەڵات چاو لێ دەکەن کە تەنیا لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی قازانجی خەڵکانێکی دیاریکراودان.

ئەوەشی کە دەیکەن وەک گوێگرتنی پێوەندی تەلەفوونی کەسەکان و ئازار و ئەشکەنجە و دانپێدانانی زۆرەملی تەنانەت دژ بە یاسا نادێموکراتیک و چەوسێنەرەکانی خودی کۆماری ئیسلامییە و لەڕاستیدا لەنێو دامودەزگای بێزراوی کۆماری ئیسلامیدا بێزراوترین دامودەزگا و دژەخەڵکیترین بەشی کۆماری ئیسلامین.

دەزگا سیخوڕی و جاسووسییەکانی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنیان دەیان پەروەندە و بەڵگەی ڕیسواییان لێ دەرکەوتووە کە هەرکامەیان ئەگەر لە وڵاتێکی پێشکەوتووی خەڵکسەروەردا ڕوویان دایەت دەبوونە هۆی هاتنە ئارای شۆڕش و گۆڕینی دەسەڵات بەڵام بەهۆی سەرکوت و کوشتوبڕی دەسەڵات ئەم ڕیسواییانە تەنیا بوونەتە هۆی زیادتربوونی کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات و کەم و کەمتربوونەوەی ڕەوایی ئەم دەسەڵاتە لای خەڵک و بێمتمانەیی ڕۆژبەڕۆژ زیادتری خەڵک لەهەمبەر دامودەزگا حکومەتییەکان و تەواویەتی کۆماری ئیسلامی.

ڕیسوایی دەزگای سیخوری لە کەیسی قەتڵە زنجیرەییەکاندا و هەروەها ئەشکەنجە و دانپێدانانی زۆرەملێ لە کەیسی کوژرانی زانایانی ناوکیدا دوو لەو کەیسانەن کە بە یەکجاری هەموو هەواڵ و زانیارییەک و بە تاوانبارناساندنی هەر تاکێک لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕووبەڕووی پرسیاری گەورە دەکەنەوە.

هەمووان چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی ئەو جوغرافیا بۆیان دەرکەوتووە کە لێکۆڵینەوە و دانپێدانانەکان و بڵاوکردنەوەیان لە لایەن ڕاگەیەندنەکانی دەسەڵاتەوە هیچ بایەخێکیان نییە؛

بۆ نموونە یەکێک لە شایەتحاڵانی پەروەندەی کوژراوانی زانایانی ناوکی باس لەوە دەکات کە کاتێک لە شەڕی باڵباڵێنی نێو حکومەتدا دەرکەوت ئەو کەسانەی بە تۆمەتی کوشتنی زانایانی ناوکی گیراون و لە ژێر ئەشکەنجە و گوشاردا دانیان بەو تاوانەدا ناوە کە هەرگیز نەیان کردووە، لەڕاستیدا هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە و هیچ پەیوەندییەکیان بەو کوشتنانەشەوە نییە هێشتا هەر وەزارەتی ئیتلاعات سوور بوو لەسەر لە سێدارەدانیان و لە نامەیەکی فەرمیدا کە بۆ بەڕێوەبەری ئەوکاتی دەزگای دادی دەنێرن دەنووسن: «ڕاستە ئێستا بێتاوانی ئەم کەسانە سەلماوە، بەڵام بۆ ئەوەی وەزارەتەکەمان نەچێتە ژێر پرسیار و لەبەر دڵخۆش کردنی بنەماڵەی کوژراوان با هەر هیچ نەبێ چەند کەسێکیان لە سێدارە بدەین».

ئەمەیە لۆژیکی دەسەڵاتێک کە هەر ڕۆژە و لە شوێنێکەوە ڕیسواییەکەی زیادتر بۆ خۆی تۆمار دەکات.

دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیش ماوەی زیاتر لە چل ساڵە هاوڕێ لەگەڵ ناوەندە سیخوڕییەکانی ڕێژیم لە دادگا فەرمایشییەکانی ساڵی پەنجا و هەشت لە کوردستان و کوشتنی دەیان هەزار زیندانی لە ساڵی ٦٧ لە سیاچاڵەکان و ڕیسواییەکانی زیندانی کەهریزەک و دەیان گەندەڵی و ڕیسوایی دیکە گلاوە کە دواجار بە بڵاوبوونەوەی فیلمی گرتووخانەی ئێڤین بەشێکی بچووک لە جینایەتەکانی ڕێژیم دەرکەوت و خەڵک لەم فیلمانەدا بە چاوی خۆیان و بێ دەمامک ڕواڵەتی ڕاستەقینە و بێبەزەییانەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامییان بینی.

باس کردن لە گەندەڵی و دڕندەیی ئەم دوو بەشەی کۆماری ئیسلامی وەک فارسەکان دەڵێن پێویستی بە مەسنەوی حەفتاد مەن هەیە و لێرەدا بۆیە خرانە بەر باس تا بپەرژێینە سەر پەروەندەی حەیدەر قوربانی؛ کەسێک کە بووەتە قوربانی تەواویەتی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە و قوربانی کردنی ناوبراو لە ڕێگەی ئەم دوو بەڕێوەبەرایەتییە دڕندە و بێبەزەییەوە وەک هەزاران کەسی دیکە بەڕێوە چووە و ئەگەری لەسێدارەدانی لەئارادایە. وەک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پارێزەری حەیدەر قوربانی ڕایگەیاند داوای «اعادە دادرسی» ئەم زیندانییە سیاسییە ڕەد کراوەتەوە و هەردەم ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە کۆماری پەت و سێدارە بۆ تێراوکردنی خولیای خوێنڕژانی خەڵک و بەتایبەت نەتەوەی کورد ئەم تاوانە جێبەجێ بکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا چەند کەس لە خزم و کەس و کاری کاک حەیدەر پێداگریان لەسەر بێتاوانی ناوبراو کردووەتەوە و هەر بەم بۆنەشەوە خەڵکی بەشەرەفی کامیاران یەکدەنگ و بە کۆکردنەوەی ئیمزا هاواریان کرد کە ناوبراو لە تۆمەتگەلی وەپاڵدراو بێبەرییە و هەزاران کەس بە بەشداری لە گەردەلوولی تویتێریدا خوازیاری دادگایەکی عادڵانە بۆ ناوبراو بوون.

حەیدەر قوربانی کە ساڵی ٩٦ لەلایەن دەزگا سیخوڕی و ئەشکەنجەگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کرا بە ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر ناچار کرا کە دان بە هەندێ کردەوەدا بنێ کە هیچکات نەیکردوون.

هەرچەند هەر لەم دانپێدانانە زۆرەملیانەشدا ناوبراو قەت ناڵێت کەسێکی کوشتووە یان چەکدار بووە بەڵام بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشاری ناوەندە ئەمنییەکان و ناوەندە سیخوڕییەکاندا بۆ زەبروزەنگ و ترس و تۆقاندنی خەڵک دەیانهەوێ حەتمەن کەسێک وەک حەیدەر قوربانی بکەنە قوربانی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک و بەخەیاڵی خۆیان پێشگرتن لە هاتنەئارای هەر چەشنە نارەزایەتییەک.

داوای ئیعادەی دادرەسی بۆ کەیسی حەیدەر قوربانی لەلایەن دەیان کەس لە ڕووناکبیران و زانایانی ئایینی و کەسانی خۆشناوەوە پشتگیری کرابوو و لەلایەن پارێزەری ناوبراوەوە پێشکەش بە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی کرابوو بەڵام بێ ئەوەی پێداچوونەوە بۆ کەیسی ناوبراو بکرێت ڕەد کرایەوە.

ڕەوتی دادگایی کردنی حەیدەر قوربانی لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامیدا دژ بە هەموو پرەنسیپە یاساییەکان و تەنانەت یاساکانی کۆماری ئیسلامیش بەڕێوە چوو کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵی دەکەین.

یەکەم؛ حەیدەر قوربانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ژوورە تاکەکەسییەکان و لەژێر زیادترین گوشاردا بووە بۆ دانپێدانان بەو تاوانانەی کە نەیکردوون، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی یاساکانی خودی کۆماری ئیسلامی دانپێدانان لەژێر ئەشکەنجە و گوشاردا هیچ بایەخێکی یاسایی نییە و تەنانەت دەبێ کەسی ئەشکەنجەگەریش سزا بدرێ.

دووهەم؛ حەیدەر قوربانی لە ماوەی دەستبەسەربوونی لە ژووری تاکەکەسی و لێکۆڵینەوەدا لە هەبوونی مافی پارێزەر بێبەش بووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئەم مافەیان بۆ کەسی دەستبەسەرکراو چەسپاندووە و ئەو کەسانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە حوکمی سێدارەدانیان بەسەردا بسەپێ ئەگەر خۆشیان پارێزەر نەگرن دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی دەبێ خۆی پارێزەریان بۆ بگرێت.

سێهەم؛ حەیدەر قوربانی بە تاوانی بەغی بە واتای هەڵگرتنی چەک دژ بە دەسەڵات و شەڕ لەگەڵ دەسەڵات بە لەسێدارەدان تاوانبار کراوە ئەمە لە کاتێکدایە کە تەواوی خەڵکی کامیاران دەزانن کە ناوبراو هیچکات چەکی هەڵنەگرتووە و بە فەرمی ئەندامی هیچ حیزبێکی کوردی نەبووە و خۆشی هیچکات و بە وتەی پارێزەرەکەی ئەم تاوانەی قەبووڵ نەکردووە.

چوارەم؛ وەک پارێزەرەکانی ناوبراو دەیگێڕنەوە لە کاتی دادگایکردندا ئیزنی هیچ چەشنە بەرەنگارییەکیان لە ناوبراو پێنەداون و لە دادگایکردنێکی فۆرماڵیتە و فەرمایشیدا لە ماوەی کەمتر لە نیو کاتژمێردا بێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی و ویژدانی ناوبراویان بە لە سێدارەدان مەحکووم کردووە.

حوکمی لەسێدارەدان بۆ حەیدەر قوربانی وەبیرهێنەرەوەی هەموو ئەو فەسادە سیستماتیکانەیە لە وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیدا بە درێژایی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە خەڵکی بێتاوان سزا دراوە و تەنانەت گیانی لێ سەندوون هەر بۆیە کەیسی حەیدەر قوربانیش پلیکانەی سەرکەوتنی دەستەیەک سیخوڕ و دڕندەیە کە بانگەوازی بێبەزەیی بوون و ناسەربەخۆیی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی دەکات دەنا شار و هەموو تاکێکی بەویژدان دەزانن کە حەیدەر بێتاوانە؛ هەر ئەمەش وا دەکات کە ئەرک بکەوێتە سەر شانی هەموو ئازادیخوازێک کە پشتیوانی لە کاک حەیدەر بکەن و گوشار دروووست بکەن بۆ پێشگرتن لە جێبەجێکردنی ئەم حوکمە زاڵمانەیە.

**حوکمی لەسێدارەدان بۆ حەیدەر قوربانی وەبیرهێنەرەوەی هەموو ئەو فەسادە سیستماتیکانەیە لە وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیدا بە درێژایی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە خەڵکی بێتاوان سزا دراوە و تەنانەت گیانی لێ سەندوون هەر بۆیە کەیسی حەیدەر قوربانیش پلیکانەی سەرکەوتنی دەستەیەک سیخوڕ و دڕندەیە کە بانگەوازی بێبەزەیی بوون و ناسەربەخۆیی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی دەکات دەنا شار و هەموو تاکێکی بەویژدان دەزانن کە حەیدەر بێتاوانە؛ هەر ئەمەش وا دەکات کە ئەرک بکەوێتە سەر شانی هەموو ئازادیخوازێک کە پشتیوانی لە کاک حەیدەر بکەن و گوشار دروووست بکەن بۆ پێشگرتن لە جێبەجێکردنی ئەم حوکمە زاڵمانەیە**

# بەڵگەیەکی دیکە بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایی لەمەڕ ناسینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی!!



**کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی تۆتالیتێر کە دوژمنی خەڵکی خۆیانن، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتیوانی تیرۆر و دەستێوەردانی لە دەوڵەتانی ناوچە و جیهان بۆ دروست کردنی ئاڵۆزی و شەڕ و وێرانیش هەژمار دەکرێت**

**ئەلبۆرز ڕووینتەن**

کاتێک ڕێژیمی توتالیتەری کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک خەڵکی خۆی سەرکوت دەکات، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەو سەرکوتکردنە وەک پرسێکی نێوخۆیی دەبینێت، وڵاتانی ڕۆژاوایی لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چاوپۆشی لە هەموو کردەوە تیرۆریستی و دژەمرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکات، ئەو بابەتە وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەدەی بیستەم و لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی هەژمار دەکرێت و لە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتەکان دەخوێندرێتەوە.

ئەو چاوپۆشییە لە کردەوەکانی ڕێژیمێکی تۆتالیتەر و لێکدانەوەی هەموو بابەتەکان لە تەرازووی بەرژەوەندی ئابووری، هێزی زیادتر دەدات بەو ڕێژیمانە بۆ ئەوەی لە سەرکوتی خۆیان بەردەوام بن.

بەڵام ئەوەی جێگای تێرامانە، بە تایبەتی بۆ وڵاتە ڕۆژاواییەکان، کە وەک وانەیەک دەبێ ببینین ئەوەیە کە وڵاتە تۆتالیتێرەکان تەنیا دوژمنی خەڵکی خۆیان نین بەڵکوو سەرچاوەیەکی گرینگی ئاڵۆزی و شەڕ و ناکۆکی و هەروەها دوژمنی مرۆڤایەتی بە گشتین.

پریشکی ئاگری ڕێژیمە توتالیتەرەکان تەنیا خەڵکی ئەو وڵاتانە ناسوتێنێ بەڵکوو زۆر جار ئاگری گەورە لە وڵاتانی ڕۆژاواش دەکەنەوە.

کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی تۆتالیتێر کە دوژمنی خەڵکی خۆیانن، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتیوانی تیرۆر و دەستێوەردانی لە دەوڵەتانی ناوچە و جیهان بۆ دروست کردنی ئاڵۆزی و شەڕ و وێرانیش هەژمار دەکرێت.

کاتێک ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە بە هەزاران کەس لە خەڵکی ئەمریکای کردە ئامانجی کردەوە تیروریستییەکانی خۆی، بەشێک لە بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە ناوچە خۆشەکانی تاران ژیانێکی ئارامیان هەبوو.

سووریەی ئێستا کە وێرانەیەکی شەڕە بە میلیۆنها ئاوارە بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایی و چەندین میلیۆن لە خەڵکەکەی کوژراون، بریندار و کەمئەندام بوون، بەرهەمی پیلانی ژووره فیکرییەکان و ناوەندەکانی ئۆپەراسیۆنی سەرانی ڕێژیم لە تارانە بۆ پاراستنی خۆیان.

بە دەیان کردەوەی تیرۆریستی کە لەلایەن ئێران و هێزەکانی ژێردەستی ئەو ڕێژیمە لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان هاوڵاتیانی ڕۆژاوای کردۆتە ئامانج و ...

ئەوانە تەنیا چەند نمونەیەک لە هەزاران نمونەی دیکەن کە نیشان دەدەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چۆن بۆ پاراستنی خۆی کەڵک لە هەر ئامرازێک وەردەگرێ و لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆڤانەش سڵ ناکاتەوە.

نمونەیەکی دیکە لەو کردەوانە کە لە ساڵی ڕابردوودا بە دەستی سپای پاسداران ئەنجام درا خستنەخوارەوەی فرۆکەیەکی سڤیلی ئۆکراینی لە سەر ئاسمانی تاران بوو کە بووە هۆی کوژرانی ١٧٧ کەس.

سەرەتا کۆماری ئیسلامی کردەوەکەی لە ئەستو نەگرت بەڵام دواتر وەک هەڵەیەکی هێزەکانیی سوپای پاسداران دانی پێدانا.

خستنەخوارەوەی ئەو فرۆکەیە کە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە جیهاندا دروست کرد لە کاتێکدا بوو کە ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە لوتکەی خۆیاندا بوون و تەنانەت هاوکات بوو لەگەڵ چەندین هێرشی موشەکی بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا.

لە وڵامی پرسیاری ئەوەیکە بۆچی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەدا ئەو فرۆکەی خستە خوارەوە زۆر شرۆڤەی جیاواز هەبوون، پێشی گرتنی ئێران لە لێکۆڵینەوەیەکی جیدی و شەفاف زیاتر گومانی خستە سەر لێدوانەکانی سەرانیی سوپای پاسداران کە وەک هەڵەیک باسی ئەو کردەوەیەیان دەکرد.

تەنانەت بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەندێک لە میدیاکان ئەگەری ئەوەی کە سوپای پاسداران بە ئەنقەست ئەو کارەی کردبێت یەکجار زۆرە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی وێبسایتی «کینگ ویکلی سەنتینل» سوپای پاسداران بۆ پێشگیری لە ئەگەری هێرشی ئەمریکا ئەو فرۆکەی وەک قەڵغانی مرۆڤی خستۆتە خوارێ و دەیهەویست ئەو پەیامە بدات بە ڕۆژئاوا کە لە ئەگەری هەرهێرشێک بۆ سەر ئێران کۆماری ئیسلامی زیاتر لە لایەنی لەشکری ناوەندی سڤیل دەکاتە ئامانج.

بە گوێرەی ئەو ناسینەی لە سەر ڕێژیمی تیرۆرستی ئێران هەیە ئەگەری ڕاست بوونی ئەو ڕاپۆرتە یەکجار زۆرە چونکە ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ نییە، ژیانی مرۆڤەکانە بە تایبەتی ئەگەر مانەوەی خۆی بکەوێتە مەترسییەوە.

لە دوایین هەواڵەکانی پەیوەندیدار بەو ڕووداوە دەزگای دادی ڕێژیم بکەران و بەرپرسانی سەرەکیی ئەو تاوانەیان بە بێتاوان ناساندووە و چەند ئەفسەری پلەنزمیان بە بەرپرس و تاوانباری سەرەکیی ئەم جینایەتە ناساندووە!

ئەوەش بۆتە هۆی نارەزایەتی ئەنجوومەنی بنەماڵەی قوربانییانی فرۆکەی ئۆکراینی .

لێرەدا زۆر ڕوونە تا ئەو کاتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مابێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەو بوارەدا بە ئاکام ناگات و بەرپرسانی سەرەکی ئەو ڕووداوەش وەکوو هەموو ئەو تیرۆریستانەی دیکە تەنیا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە خەڵات دەکرێن و وەکوو قارەمانی نەتەوەیی دەناسرێن؛ بەڵام پێویستە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئەو وانەیە لەو ڕووداوانە وەرگرن، کە ڕێژیمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی تەنیا مەترسی نییە بۆ خەڵکەکەی بەڵکوو مەترسییەکە بۆ سەر مرۆڤایەتی بە گشتی و تا ئەو کاتەی کە مابێ مەترسی بۆ سەر گیانی هاوولاتیانی تەنانەت ڕۆژاواییش هەیە.

خستنەخوارەوەی فرۆکەی ئۆکراینی و چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ناسینی ئەو ڕێژیمە، کە کۆماری ئیسلامی مەترسییە بۆ سەر گیانی خەڵک و تەنانەت ڕۆژاواییەکانیش.

وڵاتانی ڕۆژاوا لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ ئێران پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی تەنیا خزمەت دەکات بە هەبوونی جیهانێکی بە دوور لە ئارامی و بەردەوامی شەڕ و ئاڵۆزی لە ناوچە و تەنانەت لە جیهان.

**پێویستە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئەو وانەیە لەو ڕووداوانە وەرگرن، کە ڕێژیمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی تەنیا مەترسی نییە بۆ خەڵکەکەی بەڵکوو مەترسییەکە بۆ سەر مرۆڤایەتی بە گشتی و تا ئەو کاتەی کە مابێ مەترسی بۆ سەر گیانی هاوولاتیانی تەنانەت ڕۆژاواییش هەیە**

## وێستگە

## حیزبی دێموکرات، حیزبی پڕوپاگەندە بە ژنان نییە



**نووسین: هێمۆ**

حیزبی دێموکرات حیزبێکی نەتەوەییە و هەموو هەوڵ و ئامانجی بە درێژایی ساڵانی خەباتەکەی ئەوە بووە کە بتوانێ چارەسەرێکی ئاشتییانە، باش و درووست بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بدۆزێتەوە؛ هەر لەم پێناوەشدا هەوڵێکی ئێجگار زۆری داوە تاکوو لە ڕێگەگەلی جیاوازەوە و بە مێکانیزمی جیاواز هەم پەرە بە خەباتەکەی بدات و هەم ئەو دڵنیاییەش بە خەڵکی کوردستان بدات کە دەتوانن لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا باشتر و خێراتر لە ڕزگاری نزیک ببنەوە.

حیزبی دێموکرات بەو ناسینەوە کە لە کۆمەڵگا و ژینگەی خەباتەکەی خۆی هەیبووە شێوازەکانی خەباتی گۆڕیوە و لە هەر قۆناغێکدا بەپێی هەلومەرج و ئیمکانات جووڵاوەتەوە و تاکوو ئێستاش ئەم خەباتەی درێژە داوە. بەرچاوترین نموونەی ئەم شێوازە لە کارکردنەش، دەسپێکی قۆناغی نوێی خەبات لە ژێر ناوی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات»ە کە فرەڕەهەندبوونی لە خاڵە بەهێزەکانیەتی.

بەڵام هەمیشە پرسی نەتەوەیی وەکوو گرینگترین پرس لە سەر مێزی کاری حیزبی دێموکرات بووە، بۆیە هەر ئەو پێناسە نەتەوەییە کە حیزبی دێموکرات بۆ خەباتەکەی خۆی کردوویەتی بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان بتوانن خۆیان لە چوارچێوەی ئەو حیزبەدا ببیننەوە، هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەم حیزبەوە تاکوو ئەمڕۆ کە ٧٦ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت، توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بە هەست بەو بەرپرسایەتییە نەتەوەییە کە حیزبی دێموکرات پێناسەی بۆ کردوون، هاتوونەتە نێو مەیدانی خەباتەوە و هەوڵیان داوە ئەوانیش قوژبنێک لەم خەباتە پڕ بکەنەوە. ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم باسەدا دەگونجێ هەبوونی ژنان لەم خەباتەدا بووە کە دیارە بووەتە چقڵی چاوی دوژمنان و لەهەوڵدان تاکوو پیرۆزبوونی ئەم بەشدارییە بەرچاو و کاریگەرە ببەنە ژێر پرسیارەوە!

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە یەکێک لە سەرکوتکارترین دەسەڵاتەکانی سەردەم بە نیسبەت پرسەکانی ژنان بەئەژمار دێت هیچکات نەیتوانیوە پێش بە ژنان لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوییدا بگرێت، ڕەنگە هەزینەی زۆریشی کردبێت و هەوڵی زۆریشی دابێت کە ژنان بە هەندێک بابەتی دیکەوە سەرقاڵ بکات بەڵام نەیتوانیوە ئەو بیری نەتەوەخوازییە هیچکات لە مێشکیاندا بسڕێتەوە و بەدڵنیاییەوە لەم بوارەشدا شکستی هێناوە. شکستێکی قورس کە وای کردووە کۆماری ئیسلامی بێتە دەنگ و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و درۆ، خەباتی ژنان لە پێناو نیشتمانەکەیان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە پێناسە بکات.

کۆماری ئیسلامی ماوەیەکی زۆرە کە بۆ کشانەوەی ژنان لە خەبات هەوڵ دەدات و زۆرجاریش لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە ئەیهەوێت ژنان و کچانی پەیوەستبوو بە ڕیزەکانی خەبات وەکوو کەسانێکی ساویلکە نیشان بدات کە گوایە فریوی تەبلیغاتی حیزبی دێموکراتیان خواردووە و هاتوونەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە! لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات، ڕێکخراوێکی سیاسیی بەپڕەنسیپە کە بەپێی درووستبوونی ڕێگا و ڕێبازەکەی خەڵکانێکی زۆر ڕووی لێ دەکەن کە ژنانیش بەشێکن لەم خەڵکە، ژنان کە لە کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەژانن لە ژێر ستەمی چەندقاتی کۆماری ئیسلامیدان، ئاگاهانە و بەدوور لە هەرچەشنە ئیجبارێک ڕێگای خەبات لەم حیزبە دەگرنە بەر و بە دڵ و بە گیانیش بۆ ئامانجێک کە خۆیان بڕوایان پێیەتی، ئامادەن گیانیشیان فیدا بکەن. لە فارسیدا وتەیەک هەیە کە دەڵێ: «کافر همه را به کیش خویش پندارد»، ئەمە حیکایەتی کۆماری ئیسلامییە، کە پێی وایە وەک چۆن خۆی بە پێدانی وادەی پارە و ژیانی خۆش و ئیمکاناتی بێسنوور و زۆر جاریش لە ڕێگەی زۆر و ترساندنەوە خەڵک ناچار دەکات کە سەرشۆڕی قەبووڵ بکەن و فێریان دەکات کە چۆن نامرۆڤانە بجووڵێنەوە، ئەوە هەموو وەک خۆی وان. ئەمە نکۆڵی لێ ناکرێت کە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی، چەواشەکاری و بڵاوکردنەوەی درۆ و ناڕاستییەکانە تاکوو بتوانێ پێش بە بەربڵاوبوونەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات بگرێت، بەڵام بەپێچەوانە، خەباتی حیزبی دێموکرات و مێژووی پڕشنگداری ئەم حیزبە، بەدوور لەو بێ پڕەنسیپییەیە کە هێزی مرۆیی خۆی لە ڕێگای پڕوپاگەندەوە کۆ بکاتەوە، ئەوەی کە لە تاکی دێموکراتی سەر بە حیزبی دێموکراتدا دەبینرێن هەستی بەرپرسایەتیی نەتەوەییە و بێگومان ئەگەر ئەم هەستە پیرۆزە نەبێ، هیچ تاکێک نادۆزرێتەوە کە ئامادە بێت ژیان و داهاتووی خۆی لە پێناو ئامانجێکی ناڕوون و تەنیا بەهۆی گوێڕایەڵبوون و فریوخواردنەوە لە ناو بەرێت! کەوابوو بابەتی پەیوەستبوونی ژنان بە ڕیزی خەباتی حیزبی دێموکراتەوە دەبێ بە ڕێزەوە چاوی لێ بکرێت چونکە سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی تاکەکەسی و مافی بڕیاردانە.

ئەم شێوە ڕەفتارە بێشەرمانە و زەبوونە ئەتوانێ سەرچاوەگرتوو لە ترسی کۆماری ئیسلامی لە هێزی ژنان بێت، ژنانێک کە چەکی شەرەف لە شان دەکەن و سینگیان ئەکەنە قەڵغانی گوللەی دوژمن بەڵام ئامادە نین بە سەرشۆڕییەوە بژین، ژنانێک کە منداڵەکانیان بە هەستی نیشتمانپەروەرییەوە پەروەردە دەکەن و دەبنە مامۆستای خۆڕاگری و کۆڵنەدان بۆ نەوەی داهاتوو، ئەمە هێزی لەبڕاننەهاتووی نەتەوەیەکە کە هیچ پڕوپاگەندەیەک ناتوانێ بەچۆکیدا بێنێت.

هەر بۆیە حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی، حیزبی پڕوپاگەندە بە ژنانەوە نییە، بەڵکوو گەورەترین قوتابخانەیەکە کە هەر تاکێک تێیدا دەتوانێت فێری مرۆڤایەتی بێت و لەو پێناوەشدا گیان ببەخشێت.

# دواکەوتووهێشتنەوەی کۆلۆنییەکان سیاسەتی نەگۆڕی دەسەڵاتی کۆلۆنالیزم

**وڵات**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خەریتەیەکی جوغرافیای ئێران بڵاو کراوەتەوە کە لەودا پارێزگا گەشەنەکردووەکان لەباری پیشەسازییەوە بە ڕەنگی زەرد تێیدا دەردەکەون و ئەگەر لە نەخشەکە ورد دەبیتەوە ئەم ناوچانە هەمان هەرێمگەلی شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکانی وڵاتی بەناو ئێرانن کە لە هەموو بارێکەوە و بەتایبەت ڕەهەندی ئابوورییەوە پاشکەوتوو ڕاگیراون و توانا و وزە و هێز و سامانیان بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران و لە پێناو گەشە و خۆشبژێوی ناوەندا بە تاڵان براوە.

پاش ئەوەی ڕەزاخانی میرپەنج لە دروستکردنی یەک نەتەوە- یەک زمان - یەک دەوڵەتدا ئەزموونێکی سەرنەکەوتووی تاقی کردەوە، دەسەڵاتدارانی ناوەند بەو ئاکامە گەیشتن کە لە وڵاتی نەتەوە جیاوازەکاندا -ئێران- بە یارمەتی سەرەنێزە و زەبروزەنگ ناتوانن نەتەوەکانی دیکە لە نێو بەرن هەر بۆیە لە پێناو بە کۆیلەکردنی غەیرەفارسەکاندا چەندین پلانی لەخۆگری مێتۆد و شێوازی جیاوازیان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەڕێوە بردووە؛

یەکێک لەو شێوازانەی کە هەر لە سەرەتاوە وەک بەشی سەرەکی هەموو پلانەکانیان دەرکەوتووە پێشگرتنە لە گەشەکردنی هەرێمی نەتەوەکان و پاشکەوتووڕاگرتنیان.

زانای کانادایی هارۆڵد وود لە دیاریکردنی بنەماکانی گەشەی جوغرافیاییدا ئاماژە بە چەند پێوەر دەکات وەک عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لەشساغی و خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی، لەسەرەوەبوونی چەندایەتی ژیان و دابینکردنی سەرمایەی پێویست بۆ ناوچە کەمتر گەشەکردووەکان و ڕەچاوکردنی ئەم پێوەرانە وەک بنەمای گەشەیەکی هەمەلایەنە و لە هەمان کاتدا گشتگیر بۆ پێشکەوتنی سەرانسەری جوغرافیای هەر وڵاتێک بە پێویست پێناسە دەکات.

لەم پەیوەندییەدا و ئەگەر ئەم پێوەرانە بۆ ئەم وتارە بە بنەما وەربگرین بۆمان دەردەکەوێ کە هەرچەند دەسەڵاتی ناوەندی لە دوو حاکمیەتی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامیدا بەهۆی گەندەڵی و حاکمبوونی دەسەڵاتی دژەخەڵکی ڕەوتی ئاسایی گەشەکردنی نەپێواوە و لەکاتێکدا سەردەمانێک بانگەشەی بوون بە ژاپۆن و پاشان گەیشتن بە گەشەی ئابووری لە ئاستی کورەی باشوریان دەکرد هەنووکە خاوەنی یەکێک لە داڕماوترین ئابوورییەکانی ئاسیا و جیهانە و پارەی ئێران لە ڕیزی کەمبایەخترین پارەکانی دنیادایە.

هەر بە پێی ڕاپۆرتی فەرمی وەزارتی کار و خۆشبژێوی کۆماری ئیسلامیش، یەک کەس لە هەر سێ کەسی ئەم وڵاتە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و بەپێی ئامارێکی دیکە نزیکەی ٢٠ میلیۆن کەس لە خەڵکانی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری ڕەهادا دەژین؛ بەو واتایەی کە بۆ وەدەسهێنانی سەرەکیترین پێداویستییەکانی بژێوی ژیان تووشی کێشە و ئاستەنگن بەڵام باری قورسی ئەم کێشە ئابوورییانە دەکەوێتە سەر شانی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان.

بەڕێوەبردنی پلانەکانی گەشەی پێنج ساڵە لە ساڵی ١٣٢٧وە لە جوغرافیای ئێراندا دەستی پێکردووە و لە سەردەمی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامیدا ١٤ بەرنامەی پێنج ساڵەی گەشە و چەندین پلانی ئامایشی سەرزەمین_بە واتای گەشەی هاوسانی ناوچە جیاوازەکانی وڵات بە لەبەرچاوگرتنی توانست و جیاوازییەکانیان- بەڕێوە چووە کە هیچیان بەو دروشمانەی بانگەشەیان بۆ کردوون نەگەیشتوون و ساڵ بە ساڵ جیاوازی نێوان ناوەندی ئێران و پەراوێزەکان زیادی کردووە و لەڕاستیدا ناوەند دەوڵەمەندتر و پەراوێزەکان هەژارتر بوون . زیادتر لە هەشتا لە سەدی سەرجەم کارگە و کارخانە گەورەکان لە هەشت پارێزگادا هەڵکەوتوون کە بە ڕوونی دەرخەری هۆکاری ڕێژەی سەرەوەی هەژاری و نەبوونی دەرفەتی کار و کۆچکردن بۆ وەدەسهێنانی کار لە پارێزگا پەراوێزەکانەوە بۆ ناوەندی ئێران دەردەخەن و بێکارترین و هەژارترین خەڵکی ئێران هەمیشە و لە ئاماری ساڵانەدا تایبەت بە یەکێک لە پارێزگاکانی دەرەوەی ناوەند بووە.

هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی هەیڤانەی پارێزگاکانیش پیشانی دەدات زیادترین هەڵاوسان لە پارێزگاکانی دەرەوەی ناوەندە و هەمیشەیش کەمترین هەڵاوسان تایبەت بە یەکێک لە پارێزگاکانی ناوەند بووە.

لە هەمان کاتدا کەرتی تەندروستی و ڕادەی دەسڕاگەیشتن بە پزیشکی پسپۆڕ و جیاوازای ڕێژەی ئەم دەسڕاگەیشتنە لە نێوان پارێزگاکانی ناوەند و پەراوێزدا بە ڕێژەیەک بەرچاوە کە خودی دەسەڵاتداران دانی پێدادەنێن و بەپێی ئامارە نافەرمییەکان سی لەسەدی گشت پزیشکە پسپۆڕەکانی ئێران لە تاران کار دەکەن و نزیکەی نەود لە سەدی نەخۆشخانە تەیارەکان بە کەرەستەی پێشکەوتووی پزیشکی لە پارێزگاکانی ناوەنددا هەڵکەوتوون.

دابینکردنی سەرمایەی پێوست و تەرخانکردنی بۆ ناوچە دواکەوتووەکان یەکێکە لە بنەماکانی پێشکەوتنی هاوسان لە هەر وڵاتێکدا ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئێراندا هەموو سەرچاوە و سامانی شوێنی پاشکەوتووەکان کە هەرێمی نەتەوە غەیرە فارسەکان پێک دێنن بە تاڵان دەبرێن و لە پێناو گەشە و خۆشگوزەرانی ناوەندنشیناندا خەرج دەکرێت و ئەمە بناغەی ئەو سیاسەتەیە کە لە سەردەمی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاو کراوە کە نەتەوە بندەستەکان لە دۆخی کۆیلەتی و چاو لە دەست بوونی ناوەند بهێڵێتەوە.

کێ هەیە نەزانێ ناوەند لە سەر سامانی پەراوێزخراوەکان لە ئێراندا گەشەی کردووە و بە نرخی هەژارکردنی خەڵکی دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئێران لە باری کانزا و سامانە سروشتییەکانەوە، کە هەرێم و شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوە غەیرە فارسەکان پێکی دێنن ئەم جیاوازییە پێک هاتووە.

خەڵکی نەتەوە بندەستەکان بە ڕەگ و ئێسک و پێستەوە هەست بەم چەوسانەوە دەکەن و ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی بەلوچستان، ئەحواز و پشتیوانی کردنی نەتەوەکانی دیکە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵکانی بەکویلەکراو لە هەر دەرفەتێک بۆ پسانی زنجیرەکانی کۆیلەتی کەڵک وەردەگرن و لە دۆخی پەراویزخراوبوون و پاشکەوتوو ڕاگیرانیان بە ڕاستی بێزارن و لەهەمان کاتدا کە خاوەن کێشەی نەتەوایەتین بە دەستی هەژاری و چەوساندنەوەی ئابووری و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانیان دەناڵێنن.

هەر بۆیە ڕاسان وەک پێشەنگی خەباتی دژەکۆلۆنالیستی لە زاگرۆس و ئاڵاهەڵگری نەهێشتنی بندەستی لە سەرانسەری ئێراندا هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی بۆ سەروەری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزمێکی مرۆڤتەوەرانە لە سەرانسەری ئێراندا دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە ئابوورییانەی ئاماژەمان پێکرد لە پێناو نەهێشتنی کۆلۆنالیزمی ئابووری و چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایتیشدا بە ڕوونی بەرنامە و پلانەکانی بخاتە ڕوو و بە دوو دروشمی نەهێشتنی ژێردەستی و وەدیهێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیک بەرەی مەزنی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ڕێک بخات.

**پاش ئەوەی ڕەزاخانی میرپەنج لە دروستکردنی یەک نەتەوە- یەک زمان - یەک دەوڵەتدا ئەزموونێکی سەرنەکەوتووی تاقی کردەوە، دەسەڵاتدارانی ناوەند بەو ئاکامە گەیشتن کە لە وڵاتی نەتەوە جیاوازەکاندا -ئێران- بە یارمەتی سەرەنێزە و زەبروزەنگ ناتوانن نەتەوەکانی دیکە لە نێو بەرن هەر بۆیە لە پێناو بە کۆیلەکردنی غەیرەفارسەکاندا چەندین پلانی لەخۆگری مێتۆد و شێوازی جیاوازیان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەڕێوە بردووە؛ یەکێک لەو شێوازانەی کە هەر لە سەرەتاوە وەک بەشی سەرەکی هەموو پلانەکانیان دەرکەوتووە پێشگرتنە لە گەشەکردنی هەرێمی نەتەوەکان و پاشکەوتووڕاگرتنیان**

**زیادتر لە هەشتا لە سەدی سەرجەم کارگە و کارخانە گەورەکان لە هەشت پارێزگادا هەڵکەوتوون کە بە ڕوونی دەرخەری هۆکاری ڕێژەی سەرەوەی هەژاری و نەبوونی دەرفەتی کار و کۆچکردن بۆ وەدەسهێنانی کار لە پارێزگا پەراوێزەکانەوە بۆ ناوەندی ئێران دەردەخەن و بێکارترین و هەژارترین خەڵکی ئێران هەمیشە و لە ئاماری ساڵانەدا تایبەت بە یەکێک لە پارێزگاکانی دەرەوەی ناوەند بووە**

**خەڵکی نەتەوە بندەستەکان بە ڕەگ و ئێسک و پێستەوە هەست بەم چەوسانەوە دەکەن و ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی بەلووچستان، ئەحواز و پشتیوانی کردنی نەتەوەکانی دیکە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵکانی بەکویلەکراو لە هەر دەرفەتێک بۆ پسانی زنجیرەکانی کۆیلەتی کەڵک وەردەگرن و لە دۆخی پەراویزخراوبوون و پاشکەوتوو ڕاگیرانیان بە ڕاستی بێزارن و لەهەمان کاتدا کە خاوەن کێشەی نەتەوایەتین بە دەستی هەژاری و چەوساندنەوەی ئابووری و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانیان دەناڵێنن**

# داعشی خاوەن وڵات و بەڕەسمی ناسراو

**هیوا کوردی**

داعش کە دوای قەیرانی سووریە سەری هەڵدا بیر و کردەوە دڵڕەق و بێ بەزەییانەکەی ئەوەندە بۆ خەڵک نامۆ بوو کە ناخی مرۆڤایەتی هەژاند و خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێ و ترس کرد. ڕۆڵی میدیا لەو نێوەدا زۆر گرینک بوو چونکە خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر و بە زووترین کات زۆرتری ئەوە کردەوە وەحشیانە و دڵڕەقانەی دەدیت و بەڵێشاو دەچووە نێو خەڵک و لێی ئاگادار دەبوون. کاتێک ئەو جینایەتانە لە سووریە و عێراق تێپەڕی و گەییشتە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە کۆمەڵ خەڵکیان وەبەر ماشێن دا، زۆربەی وڵاتان داعشیان بە مەترسی دانا و ڕێوشوێنی توندی تەناهییان لە وڵاتانی خۆیان گرتە بەر و گەلەکۆمەکیان کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەی داعش.

ئەم کێشەیە بوو بە کێشەیەکی جیهانی و بیروڕای گشتی جیهان لە سەر بەرەوڕووبوونەوەی لەگەڵ داعش کۆک بوون. کورد یەکەم قوربانی داعش بوو؛ داگیرکەرانی کوردستان ئاراستەی داعشیان بەرەو ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان برد، دواتریش خۆیان کردە فریشتەی ڕزگاریدەری باشووری کوردستان. دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕۆژاوا و باشوور زۆرترین ڕۆڵیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی داعش گێرا بەڵام داعش نەیتوانی لە وڵاتێکی دیاریکراودا سەقامگیر بێ . هەندێک وڵاتی وەک کۆماری ئیسلامی ناڕاستەخۆ لە بەهێزکردنی داعش دەستیان هەبوو بەڵام بە ئاشکرا پشتگیریان نەکرد و خۆیان بە قارەمانی مەیدانی شەڕ لەگەڵ داعش دانا کە بەداخەوە زۆر وڵات ئەو درۆ و گزییەیان باوەڕ کرد.

کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و ئاخوندەکان دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕش داگرت زۆر کردەوە و جنیایەتی داعشیانە ڕوویان دا بەڵام بەهۆی نەبوونی کەرەسەی ڕاگەیاندن و سانسۆڕی ئاخوندەکان ئەم جینایەتانە دەنگیان نەدایەوە. خومەینی لە یەکەم هەنگاوەکانی بۆ ئەوەی دسەڵاتی خۆی بسەپێنێ دەستووری کوشتنی چەند سەرکردەی گەورەی ئەرتشی دا ؛ چونکە مەترسی ئەوەی هەبوو ئەرتش دەسەڵات لە چنگ خومەینی و ڕێژیمەکەی دەربێنێ. دوای ئەوەی لە سەر بانی عەلەوی ئەو سەرکردە ئەرتشیانە کوژران، خومەینی چوو چاوی لە مەیتەکان کرد و دەستی شوکری بە ڕیدێنی دا هێنا .

هەڵبژاردنی خەڵخاڵی وەک بەناو قازی شەرع و دانی دەسەڵاتی بێ سنوور بە ناوبراو، نموونەیەکی تر لە دڵڕەقی و بێ ڕوحمی خومەینی دەگەیێنێ. سەرکوت و زەبروزەنگی داعشیانەی خومەینی و دارودەستەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاقی کرایەوە . کاتێک خومەینی فتوای جەهادی دژ بە خەڵکی کوردستان دا و دەستووری دا وەک کافرەکان لەگەڵ ئازادیخوازانی کوردستان هەڵسوکەوت بکەن نموونەی فتوای داعشییانەیە کە دڵڕەقی و بێبەزەیی لێ دەباری.

دوای فتوای داعشیانەی خومەینی هەزاران کەس بە بێ دادگایی بە تاوانبار ناسران. بێبەزییانە درانە بەر گوللەی موجاهیدانی دڵرەق و ڕەشپەرستی ڕێژیمی خومەینی. خەڵکی کوردستان بە تایبەت لە هەندێک گوندی وەک قارنێ و قەڵاتان کاتێک موجاهیدەکان بە بیور و تفەنگ و پێمەڕە ڕوحمیان بە ژن و منداڵیش نەکرد و تەنانەت مەلای ئاوایی کە قورئانی بردنە پێش وەبەر دەستڕێژی گوللە درا،تا سەر ئێسقان خەڵکی کوردستان هەستیان بە بیری داعشی و کردەوەی داعشیانە کرد. لە چەندین گوند و شاری کوردستان ئەم کردەوە داعشیئانەیە دووپات بوویەوە. ترس و دڵەڕاوکێ کەوتە دڵی خەڵک. ژنەکان منداڵە بزۆزەکانیان بە موجاهید دەترساند. ئێستا ئەگەر ئەم نموونانە بە فیلم و وێنە نیشان بدرێن زۆر کەس شاهیدی دەدەن کە بیری داعشیانە و کردەوەی داعشیانە لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ڕوویان داوە بەڵام بەهۆی نەبوونی فەزای مەجازی و کەمبوونی ڕاگەیێنە گشتییەکان ئەم جینایەتانە کە کۆماری ئیسلامی داعشیانە دەستی بۆ بردن بە جوانی بە بیروڕای گشتی نەگەییشت و ئەو جۆرەی کە پێویست بوو ناخی مرۆڤەکانی نەهەژاند.

هەرچەند دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات ئەو جینایەتانەی بە دەوڵەتانی ڕۆژاوایی ڕاگەیاند بەڵام گوێی وڵاتانی ڕۆژاوا لە ئاست مەزڵوومییەتی خەڵکی کوردستان گران بوو و بە زەحمەت دەیانبیست. بەرژەوندی وڵاتان ڕێگر بوو لە بیستنی ئەم زوڵم و زۆرە. ئەم جینایەتە داعشییانەیەی کە لە کوردستان ڕووی دا، بۆیە لە تاران و ئاستی ئێران دەنگی نەدایەوە چونکە ڕوانینی فاشیستییانەی ناوەندگەراکان زاڵ بوو و زاڵە. تەنانەت میدیای ناوەندگەرای دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش چاوی خۆیان لە ئاست ئەم جینایەتە داعیشییانەیە چووقاند.

دەوڵەتانی ڕۆژاوایی چونکە بەرژەوەندی ئابوورییان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکان دەدیت سەرەڕای ئەم هەموو جینایەتە داعشییانەی کۆماری ئیسلامی هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو تا دادگای میکۆنۆس پەردەی لە سەر شێوە ترۆری داعشییانەی کۆماری ئیسلامی هەڵدایەوە و بۆ ماوەیەک باڵوێزەکانیان بانگ کردەوە. دواتر سەید محەممەد خاتەمی بیری بەرژەوەندیخوازانەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی وەجووڵە خست و دووبارە چاویان لە زۆر بیر و کردەوەی داعشیانەی کۆماری ئیسلامی نووقاند.

چل ساڵە کۆماری ئیسلامی کردەوەی قێزەونتر لە داعش دەکات بەڵام باڵوێزی لە زۆربەی وڵاتان هەیە و ئەم باڵوێزخانانە بوونەتە ناوەندی کردەوە و بیری داعشیانە بۆیە دەکرێ بڵێین کۆماری ئیسلامی داعشێکی خاوەن وڵاتە لە چوارچێوەی ئێراندا و لەلایەن زۆربەی وڵاتانیش بە ڕەسمی ناسراوە. درێژبوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی زۆرتر برەو بە بیر و کردەوەی داعشیانە دەدات و دووکەڵی ئەم بیر و کردەوانە دەچێتە چاوی زۆر وڵاتی جیهانەوە.

**چل ساڵە کۆماری ئیسلامی کردەوەی قێزەونتر لە داعش دەکات بەڵام باڵوێزی لە زۆربەی وڵاتان هەیە و ئەم باڵوێزخانانە بوونەتە ناوەندی کردەوە و بیری داعشیانە بۆیە دەکرێ بڵێین کۆماری ئیسلامی داعشێکی خاوەن وڵاتە لە چوارچێوەی ئێراندا و لەلایەن زۆربەی وڵاتانیش بە ڕەسمی ناسراوە**

# ڕەئیسی و برینێکی سارێژنەبوو



**ڕووش**

خەرمانانی ئەمساڵ ٣٣ ساڵ بە سەر جینایەتی هۆڤانەی ئێعدامی بەکۆمەڵی هەزاران زیندانیی سیاسیی خۆڕاگر و بەچۆکدانەهاتوو (بەوتەی چالاکانی سیاسی و مافی مرۆڤی نیزیک بە ٥ هەزار کەس و بەوتەی ئایەتوڵا مونتەزیری لە نێوان ٢٨٠٠ تا ٣٨٠٠ کەس) ، لە باشترین و ئازاترین ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران تێدەپەڕێ کە بە هۆی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە زیندانە ترسناکەکانی ڕێژیمدا پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر گیانیان پێشکەشی بارەگای ئازادی کرد. لە ٢٧ی پووشپەڕی ساڵی ٦٧ی هەتاویدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تاڵیی شکستی شەڕ لەگەڵ وڵاتی عێراقی قبووڵ کرد و خومەینی بە فڕکردنی جامی ژەهر و بە قبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان شکستی ئابڕووبەرانەی خۆی ڕاگەیاند و دانی بە شکست و ڕاگرتنی شەڕی ٨ ساڵەی لەگەڵ عێراق دانا؛ شەڕێک کە تێچووەکەی بەپێی بەراورد و ئامارە فەرمییەکان زیاتر لە یەک میلیۆن کوژراو و لانیکەم ١١٩٠ میلیارد دۆلار تێچووی ماڵی بوو بەڵام ئەمە کۆتایی داستانەکە نەبوو و بارودۆخەکە بە جۆرێک گۆڕدرابوو کە لە زیانی کۆماری ئیسلامی دەشکایەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ٨ ساڵە، لە لایەك لەگەڵ قەیرانی ڕەوایی، قەیرانی هەمەلایەنەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی و وێرانی شار و گوندەکان و ئاوارەبوونی میلیۆنان کەس و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ ناڕەزایەتی و ئێعترازاتی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران و هەبوونی هەزاران کەس لە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران کە لە زیندانەکانی ڕێژیمدا بەند کرابوون، ڕووبەڕوو بوو؛ بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لەسەرووی هەموویان شەخسی خامنەیی و بە پلەی دووهەمیش عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی دەیانویست لە لایەك بۆ چاوترسێنکردن و بێدەنگ کردنی گەلانی ئێران (بۆ ئەوەیکە بیری وەڕێخستنی ناڕەزایەتی و بەرهەڵستی و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیم لە مێشکی خۆیاندا دەر بکەن) و لە لایەکی دیکەوە سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕ و خەباتکار (واتە حیزب و ڕێکخراوەکانی سەر بە گەلانی ئێران) کە ڕۆڵی پێشەنگایەتییان بۆ خەڵکانی ئێران دەگێڕا، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خومەینی « هەیئەتی مەرگ» پێك هات. هەیئەتی مەرگ لە چوار کەس پێک دەهات: ١. قازی شەرع (حسەینعەلی نەیێری) ٢. دادستانی شۆڕش (مورتزا ئێشراقی) ٣. نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات (مستەفا پورموحەممەدی) ٤- جێگری دادستان (ئیبراهیم ڕەئیسی). ئەرکی ئەم هەیئەتە بریتی بوو لە جیاکردنەوەی ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە لە زیندانەکانی تاران و پارێزگاکاندا ڕاگیرابوون و لەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆیان سوور بوون. هەیئەتی مەرگ لە تاران و پارێزگاکاندا بە نهێنی دەستیان کرد بە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا و لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران زیندانیی سیاسییان (کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە ئاماژەیان پێکرا) گولەباران کرد.

پاش ماوەیەك زانیارییە پێوەندیدارەکان بەو جینایەتە سامناك و دژی ئینسانییە بە هۆی لەقاودانی بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی و زیندانییانی سیاسی ئازادکراو و بەتایبەت لە لایەن ئایەتوڵلا مونتەزرییەوە کە بۆ خۆی ئاگاداری زۆر لایەنی شاراوەی ڕووداوەکانی ئەوکات بووە، بە بیرورای گشتی جیهان گەیشت. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە لە جێی خۆیدا بێت کە ئایا ئەو کوشتارە تەنیا پرۆژەیەکی کاتی بوو بۆ هێورکردنەوەی هەستی سادیستی سەرانی ڕێژیم لەو سەردەمەدا یان پرۆسە و پرۆژەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی بوو؟ بەدڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین هەر دووی ئەوانە بووە! دیارە ئێعدام بەشێکی جیانەکراوە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای دروشمی " ئەلنەسر بالرعب" (سەرکەوتن لە دروست کردنی ترس و تیرۆر)دا خۆی بینیوەتەوە. ئەو نیزامە سیاسییە لە یەکەمین ڕۆژەکانی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بە ئێعدام کردنی بەرپرسانی سیستمی پێشوو، ئێعدامەکان لە کوردستان و هەروەها تورکەمەن سەحرا و شوێنەکانی دیکە ترس و توقاندنی دروست کرد.

بەربڵاوی ئەو ئێعدامانە دوای ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠ زۆر لایەنی گرتەوە و بەرینتر بوویەوە و لەو کاتەدا ئێعدامەکان گەیشتە ترۆپکی خۆی بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ئێعدام لە کۆماری ئیسلامیدا زیاتر بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانە ناوخۆییەکانیش کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئێعدام لە سیستمی کۆماری ئیبسلامیدا وەکوو ئەوە وایە کە نەخۆشێک تووشی «تا(تب)» هاتبێ و ئەوە نیشانەی قەیرانی ناوخۆییە کە کۆماری ئیسلامیی دەیهەوێ پەردەپۆشی بکات. نیزامی زاڵ بەسەر ئێران لە ساڵەکانی ٦٠دا لە ئێعدام بە مەبەستی جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی و دروشمی «ئەلنەسر و بالرعب» کەڵکی وەرگرت. کاتێك کە گرووپە سیاسییەکانی سەرکوت کرد و کاتێك هەتا رادەیەك مەترسیی رووخانی تێپەڕ کرد و بەشێوەیەك لە شێوەکان دەسەڵاتی جێگیر کرد، ئێعدامەکانیشی کەم کردەوە بەڵام لەسێدارەدانەکان هیچکات کۆتاییان پێ نەهاتووە و کۆتاییشیان پێنایەت.

سێدارە بەشێك لە سیاسەتی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئێرانە بەڵام ئێستا وەکوو ساڵەکانی ٦٠ بەڕێوە ناچێت. کوشتوکوشتار هەیە، بۆچی؟ چونکە نیزامی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بۆتەوە و لەراستیدا وڵامدەری ویستەکانی خەڵك نییە، هێز و وزەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەدا هەیە و هەر بۆیەشە سیاسەتی ئێعدامی گرتۆتە بەر، ئێعدام دەکات هەتا ئەو هێز و زەیە لە کۆمەڵگە بگرێت و بۆیە وا دەکات هەتا خەڵك لە ویست و داواکانیان پاشگەز بکاتەوە. بە دیوێکی تریدا کۆماری ئیسلامی لە ئێعدام وەک ئامرازێک بۆ خۆسەپاندن، دەربازبوونی کاتیی لە قەیران و هێورکردنەوەی دۆخی سیاسیی کۆمەلگا کەڵک وەردەگرێ بۆیە دەبینین ناوە بە ناوە بە وەڕێخستنی شەپۆلێک لە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی دەیهەوێ جێپێی لەرزۆکی خۆی لە زەینی ئاڵۆزی تاکەکانی کۆمەڵگادا قایم بکاتەوە. خاڵێکی جێگەی سەرنج کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە لە نێو سیستمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامیدا هەر کەسێک جینایەتی زیادتر ئەنجام بدات و دەستی زیاتر بە خوێنی خەڵک سوور بێت خۆشەویستتر دەبێ لەلای ڕێبەر؛ هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە لە وڵامی خۆشخزمەتییەکانی کەسێکی وەک ئیبراهیم ڕەئیسی ناوبراو دەکرێتە سەرکۆماری ئەم وڵاتە. کەسێک کە نەخش و دەوری سەرەکی هەبووە لە جینایەتەکانی دەیەی ٦٠ و ساڵانی دواتریش. ئەمە ئەو برینە سارێژنەبووەیە کە لە سێبەری سیستمی کۆماری ئیسلامی ویلایەتی فەقیهیدا خەڵک دەبێ ئەزموونی بکەن.

# پەراوێزخستنی خەڵک و پەراوێزنشینی لە کوردستان

**نییەر**

پەراوێزنشینی یەکێک لەو دیاردانەیە کە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆرەوە لە کۆمەڵگاکاندا پەرەدەستێنێ، کە ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی زۆربوونەوەی ئەم دیاردەیە یان دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانیشی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەژاری هەیە.

لە زۆربەی کاتەکاندا، خەڵک بەهۆی نەبوونی داهاتی گونجاو و گرانبوونی تێچووەکانی ژیان ناچارن شوێنی ژیانی خۆیان بەرەو پەراوێزی شارەکان بگوازنەوە، لە هەندێک حاڵەتیشدا خەڵکی گوندنشین بەهۆی نەبوونی ئیمکانات و دەرفەتی کار، خوێندن و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە کەرتی بێهداشت و دەسپێڕاگەیشتنی ئاسانتریان بە شارەکان و خزمەتگوزاریی شاری، ڕوو لەم شوێنانە دەکەن؛ بەڵام ژیان لەم جۆرە شوێنانەدا دەتوانێ چ ئاسەوارگەلێکی نەرێنی بەدواوە بێ و کۆمەڵگا تووشی چ جۆر خەسارگەلێکی جیدی بکاتەوە؟ ئەمە کەتوارێکی گرینگ و جێی بایەخە، چونکە بەپێی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانیش ئەم جۆرە شوێنانە، بە پێچەوانەی ڕوانگەی خەڵک، زۆرجار لە سەرەتاییترین ئیمکاناتی خۆشبژێوی کە مافی هەر تاکێکە بێبەری دەبن و ئەم جۆرە شوێنانەش بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر دەبنە سەرچاوەیەک بۆ



سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی کە دیسان لە دوارۆژدا و بە پلەی یەکەم بەرۆکی خەڵکی نیشتەجێی ئەو شوێنانە و دواتریش باقی شوێنەکانی شار دەگرێتەوە.

دیارە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پەراوێزخستنی کوردستان و دواکەوتووهێشتنەوەی ئەم جوگرافیایە هەموو کارێک دەکات و لەهیچ هەوڵێکی دزێو پاشگەز نابێتەوە، بۆیە بە پەرەدان بە دیاردەی پەراوێزنشینی و دواکەوتووهێشتنەوەی ئەم جۆرە شوێنانە هەوڵی داوە وا نیشان بدات کە گوایە ئەوە خودی خەڵکن کە سەرچاوەی کێشەکانن و خۆیان خولقێنەری دۆخەکەن، هەر بۆیە بەپێی خودی ئامارەکانی ڕێژیم لە ٤ پارێزگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا، ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت کە ئاماژەیان پێ دەکەین:

**پارێزگای ورمێ:**

بە وتەی بەرپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی شۆرای شاری ئەم پارێزگایە، پەراوێزنشینی یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی ورمێیە.

لەم پارێزگایەدا ٣٦٠ هەتا ٤٠٠ هەزار کەس لە پەراوێزی شارەکاندا دەژین

ساڵانە ٧٠ هێکتار زەوی، بەم شوێنانە زیاد دەبێت

هیچ چەشنە شوێنێکی تەفریحی لەوانە پارکی تێدا نییە

بیناسازیی نایاسیی و داگیرکاریی زەویشی تێدا بەدی دەکرێ

**پارێزگای سنە:**

بە وتەی ئەندامی بەڕێوەبەریی نووسینگەی ئاوەدانیی سنە، ٥١ لەسەدی خەڵکی سنە لە پەراوێزی شارەکەدا دەژین

نایسەر یەکێک لە گرینگترین ناوچە پەراوێزنشینەکانی سنەیە کە زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس حەشیمەتی لەخۆ گرتووە

دیاردەکانی وەک خووگری بە ماددەی هۆشبەر، هەژاری و لەشفرۆشیشی تێدا دەبینرێت

**پارێزگای کرماشان:**

زیاتر لە ٣٠ لەسەدی خەڵکی کرماشان لە پەراوێزی شارەکاندا دەژین کە ئەمە یەک لە سەر سێی حەشیمەتی گشتیی ئەم پارێزگایەیە.

دیاردەکانی هەژاری و بێکاری، خووگری بە ماددە هۆشبەرەکان و فرۆشتنی چەکوچۆڵ نموونەیەک لەو دیاردانەن کە لەو شوێنانەدا سەریان هەڵداوە لە بواری گەشەی کۆمەڵایەتی و ژێرخانەوە دواکەوتوویە

**پارێزگای ئیلام:**

یەکێک لە پەراوێزخراوترین پارێزگاکان بە ئەژمار دێت

بە وتەی بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی پارێزگاری ئیلام، ٩ لەسەدی حەشیمەتەکەی پەراوێزنشینن کە ئەمە دەبێتە ٢١ لەسەدی حەشیمەتیی گشتیی ئەم پارێزگایە

بووەتە یەکێک لە دیارترین شوێنەکانی سەرهەڵدانی جۆرەکانی تاوان

خووگری بە مادە هۆشبەرەکان، هەژاریی فەرهەنگی تێیدا بەرەو زیادبوونە

ئەمانە تەنیا بەشێک لە کێشە و گرفتەکانی ئەم پارێزگایانەیە و بەو پێیە کە ئەم ئامارانەش، بڵاوکراوی خودی ڕێژیمی ئێرانن بەدڵنیاییەوە زۆر دوورن لە ڕاستی و یەک ناگرنەوە. پەراوێزنشینی جیا لەوەی کە خۆی بە چ هۆکارگەلێک ڕوو دەدات کە بەدڵنیاییەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ مودیرییەتی گشتی وڵات و دەسەڵاتەکە، خۆی وەکوو سەرچاوەی دەیان کێشەی دیکە دەناسرێت.

لە زۆربەی ناوچە پەراوێزخراوەکاندا، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر و ناشیرین زیادیان کردووە، لە زۆربەی هەرەزۆری ئەم ناوچانەدا دیاردەگەلی وەکوو دزیکردن، لەشفرۆشی، قاچاخی ماددەی هۆشبەر و بە دەیان دیاردەی ناشیرینی دیکە سەریان هەڵداوە. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا خەڵکی پەراوێزنشین مەرج نییە کە خەڵکی خودی ئەو پارێزگایە یان ئەو شارە بن، زۆرجار دەبینرێت کە لە درێژەی سیاسەتی گۆڕینی دێموگرافیای شارەکان و بەتایبەت شارەکانی کوردستاندا، ئەوە بەپێی پلانی خودی کۆماری ئیسلامی کەسانێکی بە دوور لە ئەخلاق و مرۆڤایەتی و سەر بە ناوەندەکانی ڕێژیم لەم جۆرە شوێنانەدا جێگیر دەکرێن تاکوو بە بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر و ڕێکخستنی شوێن بۆ پەرەدان بە بێئەخلاقیی کۆمەڵایەتیی ئەم جۆرە شوێنانە بەرەو پەراوێزخراوەیی زیاتر ببەن تا جێگایەک کە ڕواڵەتێکی ناشیرین و قێزەونیش بەنیسبەت ئەم شوێنانە لە ڕوانگەی کەسانی دیکە و بەتایبەتیش کەسانی بەناو ڕۆشنبیری سەر بە ناوەند درووست بکەن تاکوو لە ئەگەری هەر جۆرە ناڕەزایەتیدەربڕینێکیشدا وەک نەریتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بە ئەرازل و ئەوباشیان ناو ببەن و گرینگی بە خواستەکانیان نەدەن. ئەمە حاشای لێ ناکرێت کە بێکاری و نەبوونی کاری گونجاو و سەرمایەی پێویست بۆ گەشەی شارەکان و بەتایبەتیش شارەکانی کوردستان هۆکارە سەرەکییەکانی پەراوێزخراوبوونی ئەم شوێنانەن و دەسەڵاتی ناوەند بۆ بەهێزترکردنەوەی خۆی و پەراوێزخستنی شارەکانی دیکە هەموو هەوڵێک دەدات بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئەم هێژمۆنییەی کۆماری ئیسلامی تێکبشکێندرێت و هەوڵ بۆ گەشەپێدانی ئەم ناوچانە بدرێت.

# ڕزگار بەهاری:

## کاری لەپێشینەی ڕێژیمی تاران نەک بەرەنگاریی کۆرۆنا نەبووە بەڵکوو هیچکات بە خەمی خەڵکەوە نەبوون و ژیانی شارۆمەندان گرنگیی نەبووە بەلایانەوە



وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

کۆرۆنا لە ئێران زۆرترین قوربانی دەگرێت و هەر ڕۆژە لە ژمارەی قوربانییانی ئەو نەخۆشییە ڕێکوردێکی نوێ تۆمار دەکرێت، شارەکانی ئێران و کوردستان لە دۆخی سوور و نارنجیدان، بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە سەرەتای تەشەنەسەندنی ئەو نەخۆشییەوە لە ئێران دەیان وادەیان بۆ کۆنترۆڵی ئەو نەخۆشییە دا کە هیچیان وەدینەهاتن و لە ئێستاشدا خەڵک دەبنە قوربانی بێ کیفایەتییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم. ئەم مژارەمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ «ڕزگار بەهاریی» ڕۆژنامەوان لە لەندەن خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**-کۆرۆنا لە ئێران بەرزترین ئاستی خۆی تێپەڕاند، چۆنە کە کار گەیشتووەتە ئێرە؟**

هەر لە سەرەتای هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە ئەوکات هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلەمان و شۆرای خوبرەگان، ٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی لەئارادا بوو، ڕێژیمی ئێران ئەو ڕاستییەی شاردەوە کە کۆرۆنا گەیشتۆتە نێو ئێران. کۆرۆنا لە پەرەسەندنێکی پەتای ناوچەیی، چووە قۆناغی پاندێمیک و جیهانی تووش کرد. هەر لەو کاتەوە، دەسەڵاتی تاران، ڕاستییەکانی شاردەوە و ڕێژەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنایان بەپێی خشتەی دیزاینکراو لە میدیای حکومی بڵاو دەکردەوە.

بەرپرسانی ڕێژیم هەتا ئەم کاتەش، هەواڵەکانی پێوەندیدار بە کۆرۆنا، بە تاکتیک و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی سیاسی بڵاو دەکەنەوە.

چەند هۆکار هەیە بۆ گەیشتن بەم قۆناغەی کە ئێستا ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدایە؛ خەمساردی ڕێبەریی ڕێژیمی ئێران واتە خامنەیی بەتایبەت و بەرپرسانی دیکەی ڕێژیم.

هاوکات لەگەڵ خەمساردییان، ڕێژیم کە لەبواری زانستیی و تەکنەلۆژیادا وەپاش کەوتووە، نەیدەویست ئەم دواکەوتوییەی بەرچاو بکەوێت؛ دەسەڵاتی تاران بە درێژایی تەمەنی خۆی، لە سەرجەم بوارەکانی وەک سەربازی، شارستانیەت، مێژوو، ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی خۆی بەرزتر و زیادتر لەوەی هەیە دەبینی و بە هەمان شێوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو بانگەشەی ئەوەیان کرد کە لە بواری پزشکیشدا پێشکەوتوون و دەتوانن دژەپەتای خۆماڵی ساز بکەن. لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی، سپای پاسداران لە میدیاکاندا بانگەشەی بۆ ئامێری «مستعان» کرد بەڵام کەوتنە بەر لێشاوی گەمەی نێوخۆیی و دەرەکیی. مانگێک دواتر و لە مانگی گوڵانی هەمان ساڵدا، خامنەیی وتی: «ڕەنگە ئێمە بتوانین خێراتر لە وڵاتانی دیکە دژەپەتای کۆرۆنا ساز بکەین». ئەمانە تەنیا دوو وێنای کەم لەو پڕوپاگەندە درۆییانەی خامنەیی و ڕێژیمەکەی بوون کە نەیاندەویست قەیرانەکە وەک خۆی ببینن و بەردەوام بۆ شاردنەوەی لاوازییەکانیان، پەنایان بۆ درۆ و هەوڵی چەواشەکارانە دەدا.

جگە لەوەی کە گروپێکی ئەندامانی تەندروستی جیهانی کە هاتبوونە ئێران و لەسەر داوای کاربەدەستانی تاران، ئێرانیان جێهێشت، خامنەیی، پرسی هاوردەی ڤاکسێنی بە سیاسی کردەوە تا ئەو جێگەی کە ڕێکخراوی جیهانی تەندروستی و هەروەها کوواکس، هۆشداریان دایە خامنەیی کە ڤاکسێنی کۆرۆنا بە سیاسی نەکاتەوە.

هاوکات لە ڕێوڕەسمی تاسوعا و عاشوورای دوو ساڵی دواییـن، ڕێژەی قوربانیانی پەتای کۆرۆنایان کەمتر دیزاین دەکرد بۆ ئەوەی کەمتر بکەونە بەر تانە و توانج، لە ئاکامی بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمە، کە میلیۆنان کەس لە هەموو ئێران بەبێ ڕەچاوگرتنی ڕێنماییە تەندروستییەکان لە یەک شوێندا کۆ دەبوونەوە و ڕێوڕەسمە ئایینیەکان، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ پەرەسەندنی زیادتر و خێراتری پەتای کۆرۆنا.

**-ئایا کۆنترۆڵی کۆرۆنا لە ئەولەویەتی ڕێژیمی ئێراندا بووە؟**

بە ئاوڕدانەوەیەک لە کردەوەی دەسەڵاتی تاران لە کاتی دەستپێکی پەتاکە تاکوو ئێستا دەتوانین لە یەک وشەدا بڵێین نەخێر.

کاری لەپێشینەی ڕێژیمی تاران نەک بەرەنگاری کۆرۆنا نەبووە بەڵکوو هیچکات بە خەمی خەڵکەوە نەبوون و ژیانی شارۆمەندان گرنگیی نەبووە بەلایانەوە. هەر لەو کاتەدا کە کۆرۆنا قوربانی دەگرت، پالێتی دۆلاری تاران بەرەو حەشدی شەعبی دەڕۆشت، لە ئاوەکانی زەریای عەرەب و کەناراوەکانی یەمەن، دەست بەسەر کەشتییەکانی ڕێژیم دەگیرا کە مەزندەی میلیۆنان دۆلار چەکی سووک و مووشەکی ڕێژیمی تاران بوو بۆ حوسییەکانی یەمەن، میلیۆنان میتری سێجا بێنزین و سووتەمەنی بەرەو ڤەنزوێلا و حیزبوڵای لوبنان ڕەوانە دەکران کە گومان دەکرێت بێبەرانبەر پێی دابێتن و بەخشیبێتی.

بەم پێیە، ڕێژیم نەک بە خەمی خەڵکەوە نەبووە و تەندروستیی خەڵکی پێش پرسی دیکە نەخستووە، بەڵکوو پشتگیری گرووپگەلی تیرۆریستی و وڵاتانی پاڵپشتیی تیرۆری، پێش ڕەوشی تەندروستی و بژێوی خەڵکی خۆی خستووە.

ڕێژیم لە هەر ڕەوش و تەنگەژەیەکدا، پشتگیرییەکانی بۆ گرووپە تیرۆریستییەکانی نزیک بە خۆی ناردووە، چونکە مانەوەی خۆی و بەهێزبوونی خۆی، لە بەهێزبوون و مانەوەی ئەو گرووپە تیرۆریستییانەدا دەبینێتەوە. هۆکاریشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرکات بە پێویستی بزانێت، بەڕێی ئەو گرووپانەوە (ناڕاستەوخۆ) وەڵامی هێرشەکانی ئیسڕاییل بداتەوە یان هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی سعوودیا و نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەوە هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی کە ڕێژیم، پرسی هێشتنەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان بخاتە پێش پرسی تەندروستی خەڵکی خۆی و بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا.

**-دۆخی واکسیناسیۆن لە ئێران چۆنە؟**

ڕێژەیەکی کەم لە خەڵک ڤاکسینە کراون. بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان، کەمتر لە ٦.٤٪ی خەڵک پێکوتەی لێدراوە کە ئەویش بەپێی وتەی بەرپرسان، ٢٥٪ی پێکوتەکان «شبه درمان» بووە یانی پێکوتە نەبووە کە لە خەڵک دراوە. هەڵبەت ئەو ڕێژەی ٦.٤٪ کە باسی لێ دەکرێت، لەلایان دەزگاکانی دەسەڵاتەوە بڵاو کراوەتەوە و ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم هەواڵەش وەک هەواڵەکانی دیکە دیزاینکراو و ناڕاست بێت و ڕێژەکە لەوەش کەمتر بێت.

لە زۆر شوێنی وەشاندنی پێکوتە، بێسەروبەرەیی و نەبوونی پلان هەیە تا ڕادەیەک کە خەڵکانێکی زۆر لە شوێنی پێکوتە وەشاندنەکان کۆ دەبنەوە و دەترنجێنە یەک شوێن کە ئەمەش بەپێچەوانەی ڕێنماییە تەندروستییەکان دێت کە وەک ئاماژەم پێدا، لە نەبوونی پلانێکی تۆکمەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە. بەگشتیی ڕێژیم نەیتوانیوە تەنانەت هاوشێوەی وڵاتە هەژارەکانی دنیا خەڵک پێکوتە بکات و ئەوەیە کە دەبینن لەم قۆناغەدا ڕۆژانە نزیکەی ٦٠٠ کەس بەبۆنەی کۆرۆناوە گیانیان لە دەست دەدەن.

**-بەهۆی وەدەرنگ خستنی واکسیناسیۆن لە ئێران زۆر کەس بوونە قوربانی، بەرپرسیارەتی ئەم قەیرانە دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟**

سەرەتا دەکەوێتە ئەستۆی کەسی یەکەمی دەسەڵات یانی خامنەیی و پاشان ئەو بەرپرسانەی بە زانستەوە درۆ دەکەن و هەروەها سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنییەکان کە بەگشتیی دەسەڵات پێک دەهێنن، چونکە ئەوانن پێکوتەیان بە سیاسی کردووە و جگە لەوەی هەر ماوەی درۆیەکیان دەکرد، ڕێگر بوون لە هاوردەی پێکوتە. کەمتر وڵاتێک هەیە لە سەر ئاستی دنیا کە زۆربەی خەڵکەکەی واکسینە نەکردبێت کەچی بەهۆی دەسەڵات هەرەسهێناوی ئێرانی، خەڵک ئێستاکە خراپترین دۆخ تێپەڕ دەکەن.



**-هۆکاری چەندلایەنە و جۆراجۆر لە بەرنامەداڕێژی و مودیریەت و پێکهێنانی ناوندگەلی جیاواز بۆ کۆنترۆڵی کۆرۆنا لە ئێران چییە؟ و بۆچی ڕێژیم نەیتوانیوە متمانەی خەڵک لەو بوارەدا کە هاوکاریی بکەن وەدەست بێنێت؟**

ڕێژیم لەمێژە متمانەی خۆی لەلای خەڵک لە دەست داوە. کاتێک لە ماوەی تەنیا یەک ساڵدا چەندین درۆی لەلایەن خامنەیی دەکرێت و پێچەوانەکەی ئاشکرا دەبێت، خەڵک چیتر متمانەی بە ڕێژیم نامێنێت. میدیاکان، وتەکانی پێشتر و ئێستاکەیان و ئاکامی کردەوەکانیان دەخەنە بەرچاوی خەڵک و دەبیندرێت، هەروەها خەڵک هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئێران و وڵاتانی دیکە دەکەن و دەبینن کە دۆخی ئێران لەچاو هەموو وڵاتانی دیکە ناجێگیرترە، هەر بۆیە متمانەیان بە تەواوەتی بە ڕێژیم لە دەست داوە بەڵام بەهۆی ئەوەیکە ترسی گرتن و کوشتنیان لەلایان ڕێژیمەوە هەیە، هەتا ئێستاکە لانیکەم بەو هۆکارە خۆپیشاندان ڕووی نەداوە.

**-کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئێران بەنیسبەت ئەو نەخۆشییە لە دۆخێکی هاوشێوەدایە یان لەوێ دۆخەکە جیاوازە؟**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لووتکەی دوایینی کۆرۆنا، (پیکی پێنجەم) لەچاو شارە گەورەکان هێورتر دیارە کە ئەویش نەک بەهۆی ڕێکارە تەندروستییەکان و وەشاندنی پێکوتەیە بەڵکوو بەهۆی ئەوەیە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هەژارییەوە، کەمتر هاتوچووی پارێزگاکانی وەک باکووری ئێران و تەنانەت دەرەوەی وڵاتی بۆ دەکرێت و هەروەها بەهۆی ئەوەی ڕێوڕەسمگەلێکی ئایینی وەک تاسوعا و عاشورای لەو چەشنە تیا بەڕێوە ناچێت و خەڵکانێکی سێکۆلارتری هەیە، لەو سۆنگەوە خەڵک کەمتر تووش دەبێت.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری ئابووری و کەرەستەیی کەسانی دەستڕۆشتووی ناو کۆمەڵگە بۆ خەڵکانی دەستکورت و هەروەها نەخۆشخانەکان.

ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەیان کەمپەینی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ خەڵکمان بینی و هەروەها خەڵکانێک، کەرەستە و ئامراز و پێداویستییەکانیان دەکڕی دەیانبەخشییە نەخۆشخانەکان. ئەم ڕێژەیە لە هاوکاریکردن لە شارەکانی نێو ئێران نەدەبیندرا و زیاتر سپای پاسداران بوو کە بە بەڕێوەبردنی مانۆڕ و لەڕێی هەیئەتەکانی نێو حسەینییە و مزگەوتەکانیان، تەنیا هەوڵی چەواشەکارانەیان دەدا.

**-ڕێژیمی ئێران بەهۆی ئەو زوڵم و زۆری و خوڵقاندنی ئەو دۆخە نالەبارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، هەمیشە خرۆشانی خەڵک لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە، ڕێژیم کۆرۆنا بە دەرفەتێک بۆ بێدەنگبوونی خەڵک چاو لێدەکات یان وەکوو قەیرانێک؟**

ڕێژیم هەوڵێکی لەو چەشنەی دەدا کە بە دەرکردنی ڕێژە و ئامارەکان دیزاین بکات کە خەڵکی پێ بترسێنێت.

ئەگەر دەسەڵاتی تاران بتوانێت، کۆرۆنا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دەهێڵێتەوە بەڵکوو لەو ڕێگەوە خەڵکی پێ کۆنترۆڵ بکات؛ هەرکات مەترسیی خۆپیشاندان هەبێت، ڕێژەکە زیاتر لەوەی هەیە ڕابگەیەنێت و هەرکات گوشاری نێودەوڵەتی بۆ وەشاندنی پێکوتەی لەسەر بوو، ڕێژەکە کەمتر لەوەی کە هەیە بڵاو بکاتەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ئێران خۆپیشاندانەکان زیادتر لە ئاکامی گرانی و هەژاری سەری هەڵداوە نەک پرسی سیاسی.

ئەگەری ئەوە هەیە کۆرۆنا نەبێتە هۆکاری سەرەکیی بۆ خۆپیشاندانی جەماوەریی خەڵک بەڵام ئەم کارەساتە لە زەینی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵات و ئێراندا دەمێنێتەوە و دەبێتە ڕق و لە یەک کاتدا دەتەقێتەوە.

# ئاخۆ نووسەران دەبن بە نووسەر، یان بە نووسەری لەدایک دەبن؟



نووسەر: ویلیام پادن

وەرگێڕ: ساماڵ ئەحمەدی

ئاخۆ نووسەران دەبن بە نووسەر، یان بە نووسەری لەدایک دەبن؟

ئەم پرسیارە بە شێوەی جۆراوجۆر لە کۆنەوە هەر کراوە.

لە هەموو پۆلێکی پێوەندیدار بە نووسەرییەوە کە من بەڕێوەم بردبێت، یان لە هەر کۆنفرانسێکی نووسەراندا بەشدار بووبێتم و، تەقریبەن لە هەر قسە و باسێکم لەگەڵ نووسەرانی لاو و خوازیاری ناوبانگدا ئەم پرسیارە هاتووەتە گۆڕێ.

خۆ دەتوانم بە چنینی چەند پرسیاری دیکە و بە ئاماژە، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، (ئاخۆ هەر وەرزشکارێکی پاڵەوان وەک وەرزشکارێکی پاڵەوان لەدایک دەبێت، یان دەبێت بە وەرزشکارێکی پاڵەوان؟

ئەی نەشتەگەرێکی ناوبەدەرەوەی مێشک چی؟ ئەی پسپۆڕێکی لێزانی فیزیکی ناوکی؟

دەنا میعمارێک و ئاوازدانەرێکی باش؟) بەڵام ئەم شێوازی هەڵسوکەوتە ناپەسندە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەم بە لێبڕاوییەکی زیاترەوە بۆچوونی خۆم دەرببڕم: شتێک بە ناوی ڕووداوی ئەدەبی نییە.

لە مێژووی ئەدەبیاتی نووسراودا ڕوودانی ڕووداوی ئەدەبی هەر بەقەدەر بڕینی ‹‹بەهەڵکەوت››ی مەودایەکی یەک مایلی بە ماوەی چوار خولەک لە کێبڕکێی گۆڕەپان و مەیداندا، یان بازدانی ‹‹بەهەڵکەوت›› بە بەرزاییی پازدە پێ لە کێبڕکێی بازدان بە نێزەوە، یان بازدانی ‹‹بەهەڵکەوت›› بە بەرزاییی حەفت پێ لە کێبڕکێی بازدانی بەرزاییدا، ئیمکانی هەیە.

لەوانەیە خوێندکارێکی ساڵی دووهەم کە تازە توێژینەوەیەکی دەربارەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی، یان ئەمریکایی تەواو کردووە، لەنێو پۆلدا هەستێتە سەر پێ و بپرسێت، «کەواتە بۆچوونتان دەربارەی ‹‹قوبلای خان›› چییە؟ ئاخۆ ئەم هۆنراوەیە لە خولیا، یان شتێکی وادا بە کۆلریج ئیلهام نەکراوە؟ ئەدی سەبارەت بە ئێدگار ئالن پۆ دەڵێن چی؟

ئاخۆ ئەوە ڕاست نییە کە لە کاتی نووسینی ‹‹تیاچوونی بنەماڵەی ئاشێر››دا بەتەواوی لەهۆش چووبوو؟››

وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە ئەم جۆرە بابەتانە ئاوارتەی زۆر دەگمەنن، یان کۆمەڵە وێنایەکی هەڵەن.

وەکوو ئەو چیرۆکەی دەربارەی مەرگی مارک توەین لەسەر زارانە، یان زۆر هووشەکارییان تێدا کراوە، یان زۆر خراپ تێیان گەیشتوون؟

یەکێک لەو گشتە بەهەڵەتێگەیشتنانەی کە دەگوترێت سرنجی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشۆکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، ئەو باوەڕەیە کە پێی وایە بەرهەمی هونەری و ئەدەبی وەکوو شتێکی هەڵقوڵاو، بەبێ هیچ هەوڵێک، هەر لە خۆیەوە بە کاملی هاتووەتە دنیاوە، ڕێوڕاست وەکوو چۆن ڤێنووسێکی دەریایی لە قووڵایی دەریاوە دێتە دەرێ.

ئەم بۆچوونە هەڵەیە بووە بە ئەفسانەیەک و هەر تاوناتاوێک نووسەرانی «بۆنەنووس›› کە هەر لە بنەڕەتدا تەڵەکەباز و ساختەچین، شاخ و باڵی پێ دەدەن و تاکی ڕەشۆکیی ساویلکە و «هەزاران نووسەری دوای وی»ش کە بە چاوچنۆکییەوە ئاواتەخوازی وەدەستهێنانی سامان و ناوبانگی ئەدەبین، بەڵام ئۆقرەی پێویستیان نییە بۆ ئەوەی کار بکەن و پاداشتی کارەکەیان وەربگرن، لەدووی ئەم ئەفسانەیە دەدەن.

وێدەچێت لە ڕیشەهەڵکێشانی ئەو بۆچوونەی پێی وایە نووسەر بلیمەتێکی ڕووتە کە لە چرکەی حاڵلێهاتن (جەزمبوون) و ئیلهامدا شاکارێکی ئەدەبی لە باخەڵی دەردێنێت و خەڵاتی کتێبی ساڵ بۆ خۆی دەرفێنێت، یان ناوی لە پێڕستی کتێبە هەڵبژاردەکانی مانگدا جێ دەگرێت و بە میلیۆنان دۆلار بەسەر نووسەرەکەیدا دەبارێنێت، دەنا بلیتی سەفەر بۆ هاوایی، یان مافی بەشداری لە ‹‹شانۆی ئەد سالیڤان››ی بەخەڵات بۆ دێنێت، مومکین نەبێت، چونکە وەکوو هەموو ئەفسانەیەک ڕەهەندی ناڕاستەقینەی هەیە کە لە هەموو ڕاستەقینەیەک ڕاستەقینەترە و، وا دیارە وەکوو ئەفسانەی ‹‹بووکەبەفرینەی دزێو››، یان ئەفسانەی ‹‹دێوەکەی دەریاچەی لۆخ نس›› بەردەوام بەشێک لە هزرمان پێک دێنێت.

ئەو ڕاستییەی ناکرێ خۆی لێ لا بدەی، ئەوەیە کە سەرکەوتن لە نووسیندا وێچوونێکی زۆری لەگەڵ سەرکەوتن لە بەستێنی دژوار و پسپۆڕانەی دیکەی هەوڵی مرۆڤانەدا هەیە. بەلای بۆچوونی منەوە، ئەم سەرکەوتنە لە بنەڕەتدا توانایی، زەوق و لێهاتوویی تاکەکەسییە کە تێکەڵاوی خۆتەرخانکردن بۆ ئامانجی خۆ و باوەڕبەخۆیی و مەیلی تێرینەناسی سەرکەوتن بووە.

ئەم سەرکەوتنە پێویستی بە تێپەڕاندنی خولێکی دووروودرێژی فێرخوازی و شاگردی هەیە کە لەو خولەدا کەسەکە فێری بنەماکانی هونەر، یان پیشەکەی خۆی دەبێت؛ پێویستی بە چەندین کاتژمێر و چەندین ڕۆژ و مانگ و زۆر جار چەندین ساڵ هەوڵ و ماندووبوونی بێپاداشت هەیە؛

پێویستی بە سرنج و کەڵکەڵە سەبارەت بە وردەکارییەکان هەیە؛ پێویستی بە زۆر جار دەستپێکی هەڵخەڵەتێنەر و هەڵسەنگاندن و هەڵە و؛ پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوە و؛ گومان و ناهومێدی و دیسان کاری سەخت و کۆڕ و کۆبوونەوەی دووروودرێژ و تاقەتپڕووکێنی ئەزموون و ڕاهێنان هەیە پێش ئەوەی بچێتە نێو کارە سەرەکییەکەوە.

دیارە بەشێک لە نووسەرانی تازەکار زۆر خێراتر لەوانی دیکە فێری پیشەکەیان دەبن؛ چونکە زەوقیان زیاترە و بلیمەتترن.

«رومەن کاپۆتی» هێشتا مووی لێ نەهاتبوو، لێهاتوویەکی هونەریی وەهای بەدەست هێنابوو کە زۆرینەی نووسەرانی پیشەیی بۆ بەدەستهێنانی ئەو لێهاتووییە ساڵانێک ئارەقیان ڕشتبوو. بەڵام سەرباری ئەو جۆرە جیاوازییە تاکەکەسییانە، ئەدەبیات تاکە بەستێنی گرنگی تێکۆشانی مرۆڤانەیە کە زۆرینەی خەڵک هەست دەکەن مافی خۆیانە تێیدا سەرکەوتوو بن، هەر لەبەر ئەوەی کە بەدڵ دەخوازن سەرکەوتوو بن. تەنیا مرۆڤێکی ساویلکە و خاو پێی وایە دەبێ بێئەوەی چەندین ساڵ خۆی پێ بگەیەنێت و بەتایبەتی بخوێنێت، ببێت بە پزیشک، ئەندازیار، یان فیزیکزانێکی بەناوبانگ.

سەرباری ئەوەش زۆرینەی نووسەرانی لاو ئەگەر بێت و لە ماوەی یەک لەسەر چەندی ئەو کاتەی پێویستە خوێندکارێکی پزیشکی ببێت بە پزیشک، یان یاریزانێکی باشی بەیسبۆڵ بتوانێت بچێتە یانە گەورەکانەوە، نەبن بە نووسەری سەرکەوتوو، ئەوە ناهومێد و تووڕە دەبن. هەروەکوو ئەرسکین کاڵدوێل لە وتارێکیدا بە ناوی «دەربارەی نووسەران و نووسەری»، کە لەم دواییانەدا بڵاو بووەوە، دەڵێت: «کە بە نووسەرێک دەڵێن بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات پێویستی بەو ڕادەیە لە خوێندنەوە و فێربوون و شێلگیری هەیە کە مافناس، یان پزیشکێک بۆ فێربوونی پیشەکەی خۆی پێویستییەتی، داخوا شتێکی زیادەی لێ داوا کراوە؟»

هەرچەندی پێداگری لەسەر پاتکردنەوەی ئەم ڕاستییە بکەین، هێشتا کەمە: نووسەریش دەبێ بتوانێت و بخوازێت ئەو فیداکارییانە بکات کە سەرکەوتنخوازانی هەر بەستێن و بوارێکی دیکە خۆی بۆ دەکوتن و، ئەگەر وا نەکات، دەبێ توانایی و لێهاتوویەکانی خۆی بۆ بوارێکی دیکە ڕاگوێزێت.

ئەو نووسەرە دەبێ سەدان سەعات خوێندنەوە و نووسین و پشکنین و توێژینەوە تۆمار بکات بۆ ئەوەی بتوانێت هونەرەکەی خۆی پێ بگەیەنێت.

ڕێوڕاست وەکوو یاریزانێکی ئاماتۆری بەیسبۆڵ، یان فوتبۆڵ کە بێجگە لە یاریکردن لەنێو مەیداندا، چەندین سەعات خەریکی تاوتوێ و پشکنین و دووبارەکردنەوەی جووڵەی یاریزانانی پیشەیی و بەناوبانگ دەبێت، نووسەرێکی لاویش دەبێ بەردەوام لە ڕێی خوێندنەوەی ورد و ڕێکوپێک و لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییە گەورەکانەوە وانە وەربگرێت.

هونەر بوارێکی یەکجار یەکجار بیندرێژە و کاتیش بەپەلە تێپەڕ دەبێت و یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی گەیشتنی کەسێکی ئاماتۆر بە پێگەی پیشەیی، ئەوەیە کە لە هەموو ڕۆژێکی ژیانی خۆیدا فێری شتێک ببێت.

نووسەری ئاماتۆر بێجگە لەوەی کە بەناچاری لە هەڵسەنگاندن و هەڵەوە فێر دەبێت، هەرکە ئیرادە بکات گەورەترین مامۆستا و ڕاهێنەرانی لە ئیختیاردا دەبێت کە هەر خوێندکارێک لە خولیای خۆیدا وێنایان دەکات و دەتوانێت یارمەتییان لێ وەربگرێت.

ئەو نووسەرانەی کە بە بەرهەمەکانیان لیریکای بوارە دڵخوازەکەی نووسەرە لاوەکەیان فرەوان کردووە و هەموو ئەو بابەت و گرفتە هونەرییانەیان حەل کردووە کە بەربینگ بەو دەگرن و، پیشتر لەلایەن نووسەرانی باشتر لەوەی ئەو بەتەمایە پێیان بگات، چارەسەر کراون؛

سەرلەبەری ئەو ئیلهام و ڕێنوێنی و هاندەرانەی ئەو نیازی پێیانە لەو چیرۆک و ڕۆمان و شیعرانەدا هەن کە خولیای نووسینیانی لە مێشکدایە.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەر بەتەنیا کاری سەخت و مەیلی زۆر کیفایەت ناکات. ئەو کەسە دەبێ پێش هەموو شتێک توانای نووسەریی هەبێت و، تەنیا و تەنیا لەبەر ئەم تاکە هۆکارەیە کە دەتوانین بێژین نووسەران نابن بە نووسەر، بەڵکوو بە نووسەری دێنە دنیاوە! دڵتەزێنترین دیمەن لە دنیادا دیمەنی ئەو کەسەیە کە دەخوازێ ببێت بە نووسەر، بەڵام هیچ توانایی ئەم کارەی نییە و قانعیش نابێت بەوەی کە دەبێ هێز و توانایییەکانی لە بەستێن و بواری دیکەی بێجگە لە نووسینی داهێنەرانەدا بەکار بێنێت.

من کەسانی یەکجار هۆشمەند و تێگەیشتوو دەناسم کە ئارەزوویان بووە، چیرۆکنووس، ڕۆماننووس، شاعیر، یان شانۆنامەنووس بن و بۆ گەیشتن بەو ئارەزووەش لە قووڵاییی دڵ و گیانەوە کاریان کردووە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە لە ئاستێکی ڕووکەشی پتر بەدەست بێنن.

لە ڕاستیدا هەر لە بنەڕەتەوە لەو چۆنایەتییە لەپێناسەنەهاتووە بێبەری بووگن کە لە دواین لێکدانەوەدا پیاوان لە کوڕیژگەکان جودا دەکاتەوە.

ئاخۆ نووسەران دەبن بە نووسەر، یان بە نووسەری لەدایک دەبن؟

بە کورتییەکەی، لە ڕواڵەتدا ڕوونە کە دوو هۆکار سەرکەوتنی ئەدەبی دیاری دەکەن: لە پێشدا بوونی لێهاتوویی و توانایی خۆزایی، پاشان بوونی مەیلی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی هەموو ڕەهەندەکانی ئەو توانایییە خۆزاییە لە ڕێی هەوڵی لەخۆبووردووانەوە تا دوائەنجام.

سەرلەبەری بلیمەتییە نهێنەکان لە جیهاندا، بلیمەتیی وەکوو بلیمەتییەکەی کیتس، یان شارلۆت برۆنتێ، یان تۆماس وۆڵف، نە بۆ کەس و نە بۆ کۆمەڵگاکەیان بایەخێکی ئەوتۆی نابێت، مەگین ئەوەی کە نووسەر شێلگیر بێت لەسەر ئەوەی کە کار بکات و بەسەختییش کار بکات.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan . No :806 6 september 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

### ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندارbوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سلێمان گوڵی» تەمەن ٢٥ ساڵ و کوڕی «محەممەد سەلیم»، خەڵکی گوندی «عەلیاوای یاپەڵ» سەر بە شاری دیواندەرە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
ڕۆژی دووشەممە ١ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حەیدەر خزری» کوڕی محەممەد و دانیشتووی «کۆنەخانی» شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد ڕەسائی»، تەمەن ٢٦ ساڵ، کوڕی ڕەشید و خەڵکی گوندی «سەردۆش» سەر بە مەریوان، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی خەرمانان، هاووڵاتییەک بە ناوی «هۆشیار شەعبانی»، تەمەن ٢٨ ساڵ و خەڵکی بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی یەکشەممە ٧ی خەرمانان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «حەیدەر عەلیزادە» خەڵکی گوندی «قەزەناوێ» و «شێرزاد مامەندی» خەڵکی گوندی «نەرزیوێ» سەر بە شاری شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی خەرمانان، هێزە ئەمنییەتییەکان پێنج هاووڵاتیی کوردیان بە ناوەکانی «ئەسعەد ڕامین، خالید ڕامین، داوود ڕەحیمی، سەردار ڕامین و ڕامین ڕامین»، خەڵکی گوندەکانی «قاڕنێ» و «چەقەڵ مستەفا» سەر بە نەغەدە، دەسبەسەر کردووە فەرماندەی هەنگی سنووریی پارێزگای سنە، باسی لە دەسبەسەرکردنی ٥ کەس کە دەستیان لە کوشتنی دەرجەدارێکی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «گڵەسوورە»ی بانە هەبووە کرد.

### بانگهێشت کردن و لێپرسینەوە لە هاووڵاتییان:

ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی خەرمانان، محەممەد مەمەندزادە، چالاکی مەدەنی و ژینگەیی، بەهۆی ناڕەزایەتی دەربڕین بەنیسبەت ڕاگواستنی ئاوی بەنداوی سەردەشت و کەمیی ئاوی خواردنەوەی ئەو شارە، بانگهێشتی پۆلیسی فەتا کرا.
ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی خەرمانان، ئەبووبەکر ئیسماعیلی، بەڕێوەبەری کاناڵی تێلێگرامیی «ڕەبەت نیوز»، بانگهێشتی پۆلیسی فەتا و لێپرسینەوەی لێ کرا.

### دژایەتی لەگەڵ ئازادکردنی زیندانی:

لقی ١ی دادگای پێداچوونەوەی ورمێ، لەگەڵ ئازادیی مەرجداری باپیرە بەرزە، زیندانیی سیاسیی خەڵکی گوندی «چیانە» سەر بە پیرانشار دژایەتی کرد.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی شەممە ٣٠ی گەلاوێژ، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «عوبەید ئەنوەری»، کوڕی ڕەحیم، خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ»، «ڕێبوار چارکداری»، تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی محەممەد، خەڵکی شنۆ و «جەلال قادرزادە»، کوڕی عەبدوڵلا، خەڵکی «نەڵۆس»، پاش کۆتایی ماوەی لێپرسینەوەکەیان لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکان لە ورمێ، بۆ زیندانی شنۆ ڕاگوێزران.
ڕۆژی شەممە ٣٠ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرهاد مەعرووفی»، کوڕی حەسەن و خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ» سەر بە شنۆ، پاش کۆتایی لێپرسینەوە لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکان لە ورمێ، بۆ زیندانی شنۆ ڕاگوێزرا.
ڕۆژی دووشەممە ١ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەنسار ئەدوایی» خەڵکی گوندی «سلێن» سەر بە شاری سەوڵاوا، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی مەریوان کرا.

### مەحکووم بە زیندان و سزای نەختی:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەتا (شەماڵ) ڕەحمانزادە» خەڵکی شاری سەقز، بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام» بە ١١ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.
هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «جەلال وەفایی»، کوڕی حاجی عومەر و خەڵکی بۆکان، لەلایەن لقی ١٠١ی دادگای کەیفەریی ئەو شارەوە بە سەرۆکایەتی دادوەر «پەیمان ڕوستەمی»، پێنج مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە.
لقی ١٠١ی دادگای کەیفەریی شاری بۆکان بە سەرۆکایەتیی دادوەر «پەیمان ڕۆستەمی» هاووڵاتییەکی کوردی بەناوی «شێرکۆ تابناک» بە ٥ مانگ زیندانیی تەعزیری و ٧ مانگ زیندانی هەڵپەسێردراو مەحکووم کردووە.

### درێژکردنەوەی ماوەی زیندانی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی خەرمانان، لقی ٢ی لێپرسی دادگای ئینقلابی سنە، ماوەی دەسبەسەرکرانی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم تاریمورادی»، تەمەن ٥٥ ساڵ، کوڕی محەممەدساڵح و خەڵکی گوندی «ئەمرۆڵە» سەر بە سنەی، بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژی دیکە درێژ کردەوە.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران وکاسبکاران:

ڕۆژی سێشەممە ٢ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەعرووف ئەدوایی»، خەڵکی گوندی «سلێن» سەر بە سەوڵاوا، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە بەرزاییەکانی «تەتە»ی هەورامان، بریندار بووە
ڕۆژی سێشەممە ٩ی خەرمانان، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی «بەهمەن کەریمپەنا»، خەڵکی «ئارەمەردە»ی بانە و «ئارمان ڕەسووڵی»، خەڵکی بۆکان، لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری «هەنگەژاڵ»ی بانە، بریندار بوون.
بەهۆی وەرگەڕانی ماشێنێک لە جۆری «پێژۆ ٤٠٥» کە هەڵگری کۆڵبەران بوو، برینداربوونی چوار کۆڵبەری لێکەوتەوە. شوناسی ئەو کۆڵبەرانە بە ناوەکانی «حیسام عەباسی، عادڵ محەممەدی، ناسح و سەباح مەحموودی» ڕاگەیەندراوە.
ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «محەممەدخالید عەبدوڵلازادە»، تەمەن ٤١ ساڵ و خەڵکی پیرانشار لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «حاجی عومران»ی ئەو شارەدا، گیانی لەدەست داوە.

### گیانلەدەستدان و بریندارbوونی کرێکاران:

ڕۆژی دووشەممە ١ی خەرمانان، کرێکارێکی کورد بە ناوی «ڕەئووف محەممەدی» تەمەن ٥١ ساڵ و کوڕی ساڵح، لە کاتی کارکردن لە شاری سلێمانی گیانی لەدەست دا.
ڕۆژی شەممە ٦ی خەرمانان، کرێکارێکی کورد بە ناوی «حەسەن مەعرووفپوور» تەمەن ٣٢ ساڵ کوڕی مەلا عومەر لە هەرێمی کوردستان بە هۆی تەزووی کارەبا گیانی لە دەست دا.
ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٨ی خەرمانان، سێ هاووڵاتیی خەڵکی گوندی «دەکەڵ»ـی مەیان دەربەند، سەر بە شاری کرماشان، لە کاتی هەڵکەندنی بیری ئاو، تووشی گازگرتوویی ببوون؛ گیانیان لەدەست دا.

### ژنکوژی:

ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی گەلاوێژ، ژنێکی لاو بە ناوی «سەبری (نگین) نەعلبەندی»، تەمەن ٢٨ ساڵ، خەڵکی گوندی «ئێرانشا» سەر بە سەقز، لەلایەن مێردەکەیەوە ئاگری تێبەردراوە و بەهۆی قووڵیی برینەکانییەوە، گیانی لەدەست داوە.
ڕۆژی هەینی ٥ی خەرمانان، پیاوێکی بۆکانی، بە مەبەستی کوشتنی کچەکەی، هەوڵی دا لە بەنداوی بۆکان بیخنکێنێت.

